# پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەنور حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:
د.لوقمان رەئوف - سابیر عەبدوڵڵا - سەروەت تۆفیق - ئارام مەحمود
باوان عومەر - سەرهەنگ عەبدولرەحمان - زریان محەمەد

2015

بەرگی یەکەم

iDEA FOUNDATION
دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ

وەرگێڕانی
کۆمەڵێک نووسەر

2015

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

وەرگێرانی: کۆمەڵێك نووسەر
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال - نیاز جەمال
دیزاین:ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2015
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (66)

# نامەکەی ئەلبێر کامۆ، بۆ هاورێ ئەڵمانیەکەی

ئەلبێر کامۆ

لە فارسییەوە: مستەفا زاهیدی

تێبینی: ئەم نامەیە یەکێکە لەو چوار نامەیەی، کە ئەلبێر کامۆ بۆ هاوڕێیەکی ئەڵمانی خۆی نوسیوە، لەم چوار نامەیەدا کامۆ باس لە جیاوازیی دوو روانگەی ئەڵمانی و فەرەنسی دەکات، بۆ شەڕو بەتایبەت شەڕی دووەمی جیهانی و ئەو سەردەمەی کە فەرەنسا لەلایەن ئەڵمانیاوە داگیرکراوەو دواتر فەرەنسییەکان توانیان خۆیان رزگاربکەن.

مرۆڤ لەناو ناچێت زۆر باشە، بەڵام با ئێمە لە کاتی بەرخودان‌دا بمرین، ئەگەر چارەنوسی ئێمە لەناوچوونە وەها هەڵسوکەوت نەکەین، مەگەر دادپەروەری بەڕێوە دەچێت.

ئۆبێرمەن، نامەی 90

ئێستا سەردەمی شکستی ئێوە هاتووە، من لە شارێکەوە نامەت بۆ دەنوسم کەلە هەموو دونیادا ناوداره و هەموان بە باشە ناوی دەبن و خۆی ئامادە دەکات بەوەی بە بەرچاوی ئێوەوە جەژنی ئازادی بگێڕێت، مرۆڤ لەم شارەدا دەزانێت کارەکان بێ دژواری و ناخۆشی ناڕۆنە پێش و ئەوەی کە دەبێت سەرەتا شەوی تار تێپەڕ بکات، شەوێکی تارتر لەو سەردەمەی چوارساڵ لەوە پێش بە هاتنی ئێوە دەستی پێکرد.

من لە شارێکەوە نامەت بۆ دەنوسم کە هیچ شتێکی نییە، شارێک بێ روناکایی و گەرما، شارێک کە برسییەتی بەسەریدا داسەپاوە، بەڵام هێشتا سەری دانەنواندوەو ملکەچ نییە، بەمزوانە لێرە گڕێک هەڵدەستێت کە

ئێوە ناتوانن بیری لێبکەنەوە، ئەگەر بەخت یارمان بێت، رەنگە بکرێت یەکتر ببینینەوەو رووبەڕووی یەکتر بوەستینەوە. ئەودەم رەنگە بتوانین بە ئاگاداربوون لەو مەترسییەی لەبەردەماندایە، دژ بە یەک جەنگ بکەین، من زۆر باش لە هاندەرەکانی تۆ تێدەگەم و تۆش دەتوانیت بزانیت چییە هاندەری من بۆ ئەم جەنگە.

ئەم شەوانەی جولای هاوکات هەم سوک ئارامەو هەم قورس. ئەم شەوە لەسەر چۆمی «سێن»و لە ناو دارەکاندا سوک و ئارامە، بەڵام لەسەر رۆح و دەروونی ئەو کەسانە قورسایی دەکات، کە چاوەڕوانی بەرەبەیانن کە دەیناسن.

من چاوەڕوانم و بیر لە تۆ دەکەمەوە، شتێکیتر هەیە کە پێت بڵێم و ئەمە دوایین شتە. دەمەوێت پێت بڵێم چۆنە من و تۆ کە ئەوەندە وەک یەک دەچووین، ئێستا بووین بە دوژمنی یەکتر. ئەوەی کە چۆن توانیبووم لەگەڵ تۆدا بم، بۆچی ئەمڕۆ هیچ خاڵێکی هاوبەش لە نێوان من و تۆدا نییە.

من و تۆ هەردووکمان ماوەیەکی زۆر لەسەر ئەو باوەڕە بووین، هیچ هاندەرێکی بەرز لەم دونیایەدا بوونی نییە، کەوایە فریو دراوین. من بە ئێستاشەوە تا رادەیەک لەسەر ئەو باوەڕەم، بەڵام بە کۆمەڵێک دەرەنجام گەیشتووم جیاواز لەو شتەی تۆ قسەی لەسەر دەکەیت. ئێوە لە چەند ساڵ لەوە پێشەوە هەوڵتانداوە ئەم دەرەنجامانە بخەنە ناو رەوتی مێژووییەوە. مەبەستم ئەوەیە ئەگەر من بەڕاست شێوەی بیرکردنەوەی تۆم قبوڵ کردبایە، کەوایە ئەمڕۆ شێوەی هەڵسوکەوتی ئێوەم بە باش دەزانی و پەسەندم دەکرد. ئەم بابەتە ئەوەندە گرنگ و جیدییە کە من ئەبێ لە دڵی ئەم شەوە هاوینییەدا، کە ئێمە زۆر دڵمان پێی خۆشەو هیوابەخشە بۆمان و

ئێوە لێی دەترسن، خۆم رابگرم و سنورەکانی خۆم دیاری بکەم.

تۆ هیچکات لەسەر ئەو باوەڕە نەبووی ئەم دونیایە مانایەکی هەیە، هەربۆیە بەو باوەڕە گەیشتوی کە هەموو شت یەکسانەو چاکەو خراپە بەپێی خواستی کەسەکان پێناسە بکەیت. تۆ رازی بووی بەوەی لە نەبوونی بەها مرۆیی و خواوەندییەکاندا هیچ بەهایەک نییە، جگە لەو بەهایانەی لە دونیای ئاژەڵەکاندا زاڵە، واتە توندوتیژی و لێهاتویی. تۆ بەو ئەنجامە گەیشتی مرۆڤ بێ بەهایەو هیچ گرنگییەکی نییە، دەکرێت رۆحی لە ناو ببیەن و لە شێتانەترین سەردەمە مێژووییەکاندا تەنها کەڵکەڵەی تاکەکان بەسەرهاتی هێزو تەنها ئەخلاقیاتی ئەو فەتح و داگیرکارییانەی کە دەیکات. من کە لەسەر ئەو باوەڕە بووم وەک تۆ بیر دەکەمەوە لە راستییدا هۆیەکم نەبوو کە لەبەرامبەریدا دایبنێم، مەگەر عەشقێکی گەرمو گوڕ بۆ راستی و حەقیقەت کە سەرەنجام ئەویشم وەک عاشق بوونێکی کوت و پڕ لە باری عەقڵییەوە بە نادروستم زانی.

جیاوازی بابەتەکە لە چیدایە؟ تۆ بێ هیچ بیرکردنەوەیەک و بەشێوەیەکی رووکەشیانە، بێ هیوایی و نا ئومێدیت وەرگرت و دەستت لە هیوا بەردا، ئەو شتەی کە هیچ کات لای من رووی نەدا. تۆ بەڕادەیەک ملکەچی ئەو زوڵم و زۆرانە بووی، کە بەسەر ژیانی ئێمەدا زاڵە، بڕیارتدا خۆشت ئەم ناعەدالەتی و زوڵم و زۆرانە زیاتر بکەیت، ئەمە لە حاڵێکدا من لام وایە مرۆڤ دەبێت رێز لە عەدالەت بگرێت و دژ بە ناعەدالەتی خەبات بکات و بەختەوەری بخوڵقێنێت، بۆئەوەی دژ بە چارەڕەشی دونیا بوەستێنەوە، تۆ بێ هیوایت و بێ هیوایی خۆت کرد بەمەستی و سەرخۆشی، بە گەورەکردنەوەو گۆڕانی بە بنەمایەکی گشتی خۆت لێی رزگار کرد.

تۆ خوازیاری ئەوە بووی مرۆڤ لە ناو ببەیت و دژ بە مرۆڤ شەڕ

بکەیت، بۆ ئەوەی نەهمەتییەکانی زیاتر بێت. من ئامادە نەبووم ئەم جۆرە بێ هیوایی و نا ئومێدییە، هەروەها دونیایەکی وەها پڕ لە عەزاب و ئازار وەربگرم. تەنها شتێک کە من دەمویست ئەوە بوو مرۆڤەکان جارێکی تر یەکگرتوو بن، بۆ ئەوەی دژ بە چارەنوسی شێواوی خۆیان بجەنگن.

وەک دەزانیت ئێمە شتی جیاواز لە بنەمای گشتییەکە فێربووین، بە تێپەڕبوونی کات تۆ دەستبەرداری هەموو ئەو شتانە بووی، کە دەکرێت بە گەشبینی ناوی ببەین و بەوە گەیشتی زۆر ئاسانترە، (یان هیچ جیاوازییەک ناکات) کەسێک بە جێگای تۆ یان بە جێگای بە ملیۆن کەس ئەڵمانی بیربکاتەوە. لەو رووەوە کە ئێوە لە جەنگ دژ بە بەهەشت ماندو ببوون، کەوایە ئارامشتان لە گەڕانێکی بێ وچاندا بینی کە لەو گەڕانەدا ئەرکی ئێوە ئەوەیە رۆحی مرۆڤەکان وێران بکات و دونیا بەرەو وێرانی ببات. ئەوەی راستی بێت ئێوە زوڵم و زۆرتان پەسەندکرد و خۆتان کرد بە خوداکانەوە. لۆژیکی ئێوە تەواو روون و ئاشکرایە.

من بە پێچەوانەوە عەدالەتم هەڵبژارد، بۆ ئەوەی بتوانم بەرامبەر بە جیهان وەفادار بمێنمەوە. من ئێستاش لە سەر ئەو باوەڕەم هیچ ماناو چەمکێکی بەرز لەم دونیایەدا بوونی نییە، بەڵام ئەوە دەزانم شتێک هەیە لەم دونیایە کە مانایە هەیە و ئەو شتە مرۆڤە، لەبەرئەوەی مرۆڤ تەنها بوونەوەرێکە خوازیاری مانایە. لەم دونیایەدا لانیکەم راستییەک بوونی هەیەو ئەو راستییەش مرۆڤەو ئەرکی ئێمە ئەوەیە مرۆڤ دژ بە خودی چارەنوس بوەستێنەوەو خوازیاری بەدی هاتنی حەقیقەت بێت.

تەنها هۆکار بۆ بوونی دونیا مرۆڤە، ئەگەر مرۆڤ بیەوێت وێناو مانایەک کە دەربارەی ژیان هەیە بپارێزێت، ئەبێ مرۆڤ بپارێزێت. تۆ بە پێکەنین و سوکایەتییەوە دەپرسیت: پاراستنی مرۆڤ چ مانایەکی هەیە؟ من

به هەموو توانامەوە هاوار دەکەم: واتە خەسار نەگەیاندن بە مرۆڤ و لە بەرامبەردا دەرفەت دان بە عەدالەت، لەبەرئەوەی ئەوە تەنها مرۆڤە لە عەدالەت تێدەگات.

لەبەرئەمەیە ئێمە خەباتدەکەین. لەبەرئەوەی ئێمە ناچار بووین لەو ڕێگایەی نەماندەویست پێیدا بڕۆین شوێن ئێوە بکەوین. هەمان ئەو ڕێگایەی سەرەنجام شکستمان خوارد تێییدا، لەبەرئەوەی بێ هیوایی و نائومێدی ئێوە هێزی ئێوە بوو. بێ هیوایی و نائۆمێدی هێزێکی زۆر و نەگۆڕی هەیە، ڕاستەقینەو ڕەسەنە، لە خۆی دڵنیاییەو بێ ڕەحم و کەمتەرخەمە بەرامبەر بە ئەنجامی ئەو کارانەی دەیکات، ئەمە ئەو شتە بوو ئێمەی تێکشکاند، لە حاڵێکدا ئێمە دوو دڵ بووین و هێشتا وێنایەک لە بەختەوەرییمان لەبەردەم خۆماندا دەبینی. ئێمە لەسەر ئەو باوەڕە بووین بەختەوەری گەورەترین سەرکەوتنە، سەرکەوتن بەسەر چارەنوسێکدا کە بە سەرماندا سەپابوو، تەنانەت لەسەردەمی شکستیشدا ئەم حەزە زۆرە، ئەم هەست بە کەم بوون وازی لێ نەهێناین.

بەڵام ئەوەی پێویست بوو ئێوە کردتان و ئێمە کەوتینە بن و قوڵاییەکانی مێژووەوە، بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە فێنکایی ئێواراندا نەماندەتوانی گوێ لە چریکەی باڵندەکان بگرین. خۆدانە دەستەوەی بێ هیوایی و نا ئومێدی بوو بە شتێکی ناچاری. لەو ڕووەوە هەر چرکەیەک لە ژیان کاریگەری وێنای مەرگ هێنەری لەگەڵدا بوو، ئێمە بە گشتی لێی دور کەوتینەوە، بۆ ماوەی پێنج ساڵ زەوی هیچ بەرە بەیانێکی بێ ترس لەمەرگ، هیچ ئێوارەیەکی بێ زیندانەکان، هیچ نیوەشەوێکی بێ قەتڵ و عامی و کوشتنی بە کۆمەڵ بە خۆوە نەبینی، بەڵێ ئێمە ناچار بووین شوێن ئێوە بکەوین، بەڵام کاری دژواری ئێمە لەوێوە دەستیپێکرد کە بە لاسایی لە ئێوە هاتینە

ناو جەنگەوە، بێ ئەوەی بەختەوەریمان لە بیرکردبێت. سەرەڕای هاتن و هاوارو تووندوتیژی هەوڵماندا بیرەوەری دەریایەکی شاد و هیوابەخش، تەپۆڵکەی لە بیرنەکراو و پێکەنینی روخسارێکی خۆشەویست و ئازیز لە هەست و دەرونی خۆماندا بپارێزین. لەبەرئەوەی هەرکات ئەم چەکە لە دەستبدەین، ئێمەش وەک مردویەک دەبین و هیچ تر. ئێستا زۆر باش دەزانین بەکارهێنانی چەکە رووتەکان بۆ بەرگری لە بەختەوەری چەندەی کات پێویستەو چەندە خوێنی دەوێت.

ئێمە ناچار بووین وەک ئێوە بیربکەینەوەو قبوڵمانکرد، تا رادەیەک وەک ئێوە بین. ئێوە جۆرێک پاڵەوانی لێڵ و ناڕوونتان هەڵبژارد، لەبەرئەوەی لە دونیایەکدا کە مانای خۆی لە دەستداوە ئەمە تەنها بەهایەکە بوونی هەیە. ئێوە ئەم جۆرە پاڵەوانییەتان بۆ خۆتان هەڵبژارد، بۆ ئێمەشتان هەڵبژارد. ئێمە بۆئەوەی نەمرین ناچار بووین، وەک ئێوە هەڵسوکەوت بکەین، بەڵام دواتر بەوەمان زانی سەرکەوتنی ئێمە لەوەدایە ئامانجمان هەبێت. ئێستا کە سەرجەم ئەم بەسەرهاتە روو لە کۆتاییە، دەتوانین بڵێین ئەو شتەی ئێمە فێربووین ئەوەیە قارەمانی و پاڵەوانی شتێکی ناڕوونە، کە دەربارەی قسە دەکەین. ئەوەی کە زۆر دژوارتر و ئاڵۆزترە، بەختەوەرییە.

ئێستا دەبێت هەموو شتێک بۆ روونبووبێتەوە. تۆ دەزانیت ئێمەش دوژمنین. تۆ لایەنگرو پشتیوانی زوڵم و زۆریت و من لە هیچ شتێک لەم دونیایە بە قەد زوڵم و زۆر بێزار نیم. ئێستا هۆکاری ئەو شتەی کە سەردەمانێک جۆرێک حەز و هەستی خێرابوو بە لامەوە دەزانم. لەو ترس و دەڵەڕاوکەیەی کە لە ماوەی ئەم چوارساڵدا بە سەر ئێمەتاندا سەپاند، عەقڵ و شعوری تۆ بە هەمان رادەی غەریزەو هەستی تۆ بەشدار بووە، هەر بۆیە من بە تەواوی تۆ سەرکۆنە دەکەم و شەرمەزارت دەکەم. بەڵای

منەوە تۆ پێشتر مردوی، بەڵام هاوکاتێ کە من دادوەری دەکەم دەربارەی هەڵسوکەوتی ترسێنەری تۆ، دەبێت لە بیرم بێت ئێوەو ئێمە لە گۆشە گیرییەکی وەک یەکەوە دەستمانپێکرد و توشی جۆرێک تراژیدیای وشیارانە بووین. سەرەڕای دژایەتی خۆتان، هێشتا بە مرۆڤ بانگناندەکەم. ئەگەر ئێمە بمانەوێت بە خۆمان وەفادار بمێنینەوە دەبێ بە پێچەوانەی ئێوە، رێز لە هەموو ئەو شتانە بگرین لە دەروونی مرۆڤدایە. ماوەیەکی زۆر بارودۆخەکە لە بەختی ئێوەدا بوو لەبەرئەوەی زۆر ئاسانتر لە ئێمە مرۆڤ بکوژن. تا کۆتایی زەمەن ئەم سەرێنییە لەلایەن ئەو کەسانەوە کەڵکی لێوەردەگیردرێت کە وەک ئێوەن، بەڵام تا کۆتایی زەمەن ئێمە کە وەک ئێوە نین، شاهیدی دەدەین مرۆڤ سەرەڕای هەموو هەڵەو کەم و کوڕییەکانی شایستەی بوونەو بێ تاوانە.

ئێمە لە کۆتایی ئەم جەنگەو لە ناو جەرگەی ئەم شارەدا کە بووە بە جەهەنم دەژین. سەرەڕای هەموو ئەو ئازارانەی چەشتومانە، سەرەڕای هەموو کوژراوەکان، سەرەڕای هەموو جەستە لەت و پەت کراوەکان و گوندە پڕ لە هەتیو بێ سەرپەرەشتەکان دەتوانین بڵێین راست لەو ساتەدا بێ هیچ بەزەییەک ئێمە لە ناو دەبەین هیچ رق و بێزارییەکمان لە دڵدا نییە، بەرامبەر بە ئێوە. تەنانەت ئەگەر سبەی ئێمەش وەک زۆر کەسی تر ناچاربین رووبەڕووی مەرگ ببینەوە، هێشتا هیچ رق و بێزارییەکمان لە ئێوە نییە، ناتوانین دڵنیابین بەوەی لەو کاتەدا ئێمە ناترسین، بەڵام هیچ رق و بێزارییەکمان لە دڵدا نییە، بەرامبەر ئێوە. ئێمە لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی کەلە دونیا دەتوانین لێیان بێزار بین، رێک کەوتوین. ئێمە دەمانەوێت بێ ئەوەی خەسار بە رۆحی ئێوە بگەیەنین، ئێوە لە ناو ببەین.

وەک چۆن دەبینی، دەتوانن ئەو سەرتربوونەی بەرامبەر بە ئێمە هەتان بوو هەر بمێنێتەوەو هەتان بێت، بەڵام ئەم سەرتربوونە دەبێت بەهۆی سەرکەوتنی ئێمە. ئەم سەرکەوتنەیە وادەکات ئەم شەوە بێ کەڵکەڵە بێت بۆم. هێزی ئێمە لەوەدایە ئێمەش وەک ئێوە بیر لە جەوهەری بوون دەکەینەوە، بەڵام نکۆڵی لەو نەهامەتییە ناکەین، کە بەسەر ئێمەدا هاتووە، لە هەمانکاتدا ئامانجی مرۆڤایەتیمان لە کۆتایی کارەساتی وشیارانەدا پاراستوەو ئەم ئامانجە بوێرییەکی ماندو نەناسانەمان پێدەبەخشێت، بۆئەوەی باوەڕمان بە لە دایکبوونی دوبارە بێت.

بەدڵنیاییەوە تۆمەتی ئێمە دژ بەبوون و هەبوون بەم شێوەیە سوکتر نابێتەوە. بەهایەکی زۆر کە ئێمە بۆ ئەم وشیارییەمانداوە، ئەوەندە قورسە وا دەردەکەوێت دۆخی بێ هیواکەری ئێمە هەر بەردەوام بێت. سەدان هەزار کوژراو لە بەرەبەیاندا، دیوارە ترسناک و تۆقێنەرەکانی زیندان، ئەوروپایەک کەلە خۆڵەکەی بۆنی تەرمی بە ملیۆن کوڕو کچی کوژراوی ئەو خاکە هەڵدەستێت. هەموو ئەمانە پێویست بوو، بۆئەوەی ئێمە دوو یان سێ خاڵی زۆر کەم بایەخ بە دەست بێنین، ئەو خاڵانەی رەنگە هیچ بەهایەکیان نەبێت مەگەر یارمەتی دان بە ژمارەیەکی کەم لە ناو ئێمەدا بۆ ئەوەی گەورەتر و بەرچاوتر گیانی بەخت بکات. بەڵێ ئەمە دەتوانێت ببێتە هۆی بێ هیوایی و دڵشکاویی مرۆڤەکان، بەڵام ئێمە دەبێ بیسەلمێنین شایستەی ئەم هەموو نا عەدالەتییە نین. ئەمە ئەرکێکە ئێمە بە ئەستۆمان گرتووەو سبەی دەست پێدەکات. لەم شەوەی ئەوروپادا کە شنەیەکی هاوینی دێت بە ملیۆن مرۆڤی چەکدارو بێ چەک خۆیان بە جەنگ ئامادە دەکەن.

بەرەبەیان نزیکەو کاتی شکستی ئێوە نزیکە. من دەزانم بەهەشت کەمتەرخەم بوو بەرامبەر بە سەرکەوتنە ترسینەرو تۆقێنەرەکانی ئێوەو

کەمتەر خەمیش دەبێت بەرامبەر بە لەناوبردن و وێرانی تەواوی ئێوە، بەڵام ئەمڕۆش من هیچ چاوەڕوانییەکم لە بەهەشت نییە، بەڵام ئێمە لانیکەم بۆ رزگاری مرۆڤ لە تەنهایی هەوڵدەدەین، ئەو مرۆڤەی ئێوە هەوڵدەدەن پلەو پێگەکەی دابەزێنن، ئێوە باوەڕ بە جۆری مرۆڤایەتیتان بێ بەهاکرد و هەزاران کەس لە ئێوە لە تەنیاییدا دەمرن. ئێستا دەتوانم ماڵئاوایت لەگەڵ بکەم.

**سەرچاوە:**

نامەهایی بە یک دوست المانی

# ئەلبێر کامۆ و خەڵاتی نۆبڵ

**وەرگێڕانی: زەینەب یوسفی**

خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیات یەکێکە لە پێنج خەڵاتەکانی نۆبڵ و هەموو ساڵێک پێشکەش بەنوسەرێک دەکرێت، بەوتەی ئالفرێد نۆبڵ خەڵاتی نۆبڵ بەو نوسەرە دەدرێت کە بەرهەمەکەی، (ئایبەتیترین بەرهەمەم بێت لەباری هەستی و ئامانجوازانەوە) .

مەبەست لە بەرهەمیش، کۆمەڵی لەنوسینەکانی نوسەرە بەگشتی، هەرچەند لەوانەیە، کە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ، لە نیگای لیژنەی نۆبڵەوە، یەکێک لە کتێبەکانی نوسەر، رەچاوبکرێ

ئەکادیمیای سویدیی نوسەری سەرکەوتوو هەڵدەبژێرێت و لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەردا، نوسەری هەڵبژاردە بەخەڵکی دنیا دەناسێنێت و هەوڵەکەش ڕادەگەیەنێت.

بەخشینی خەڵاتەکانی نۆبڵ بە نوسەرە سەرکەوتووەکان دنیا لەهەر پێنج قاڕەکەکانی زەویندا، لە ساڵی (1901) ئەوە دەستیپێکردو هەر لەم ساڵەدا، (سولی برودوم) خەڵکی وڵاتی فەڕەنسا، ئەم خەڵاتەی لەلایەن ئەکادیمیای نۆبڵەوە وەرگرت، یەکێکی تریش لەو نوسەرانە کە توانی خەڵاتی نۆبڵ بەدەست بێنێت، ئەلبێر کامۆ بوو.

## ئەلبێر کامۆ

ئەلبێر کامۆ لە حەوتی نۆڤەمبەری (1913) لە گوندێکی بچوک لەوڵاتی جەزائیردا لەدایکبووە. باوکی لوسیەن کامۆی ساڵێک پاش لە دایکبوونی ئەلبێر لە شەڕی مارن لە یەکەمین شەڕی جیهانیدا کوژرا، لە پاش مردنی باوکی کامۆو دایکی کە لە بنەڕەتدا خەڵکی وڵاتی ئسپانیا بوون، کۆچیان کرد بۆ خانوی دایە گەورەی ئەلبێر لە شارێکی جەزائیردا بوون. بنەماڵەی کامۆ لەو خەڵکانەبوون کە بۆ وەرگرتنی زەوی و کشتوکاڵ، بۆ ئەو وڵاتە کۆچیان کردبوو.

سەردەمی منداڵیەتی کامۆ لە بارودۆخی ژیانێکی هەژارانەی تایبەت بەچینی کرێکاراندا بەسەرچوو، مامۆستای پۆلەکانی خوێندنی سەرەتایی کامۆی بچوک، ڕۆڵێکی باشی لە ژیانی ئەو دەمەی کامۆدا گێڕا.

کاردانەوەی هەبوونی مامۆستا لە ژیانە پڕ لە نەگبەتیەکەی کامۆداو پشتیوانیەکانی ئەو لە کامۆی منداڵ و هەستە ناسکدا، وای لە منداڵە کرد کە ئەو توانی درێژە بە خوێندن بدات و خوێندنی  قوتابخانەی بەئاکام گەیاند.

کامۆ لە درێژەی ساڵەکانی بیست و هەشتدا، هەتاکو (1930) لەتیمی فوتباڵی زانکۆی جەزائیردا یاری کرد، بەڵام بە دەرکەوتنی نەخۆشی سیل لە کامۆدا، وازی لەفوتباڵ هێنا، ببوو بە تەماشاگەرێکی ئاسایی فوتباڵ.

لە ساڵی (1934)دا بوو بە ئەندامی حزبی کۆمۆنیست و لەوێ ببوو بە بەرپرسی هێزی پرۆلتاریای عەرەب، هەرچەند دواتر لە ساڵی (1936)، لەگەڵ حزبی کۆمۆنیست کەوتە بازنەی ناکۆکیەوەو حزبیش ئەوی وەکو لایەنگرێکی ترۆتیسکیستیەکان لە حزب دەرکرد.

کامۆ لە ساڵی (1935) لایسێنسی فەلسەفەی وەرگرت، لە (1938)دا وەکو ڕۆژنامەوانێک لە ڕۆژنامەی(جەزائیری کۆماریخواز) دەست بەکاربوو.

هەموو بابەتێکی لە گۆشەنیگای یەکەم کەسەوە دەنوسی، واتە بۆ نوسین لە ڕۆژنامەدا شێوازێکی خوڵقاند، کە تا ئەو کاتە لە وڵاتدا باس نەکرابوو، لە(1939)دا کۆمەڵە وتارێکی بڵاوکردەوە بەناوی (فەقیری لە قەبیلە)دا.

لە ساڵی (1934)دا، لەگەڵ (سیمۆن های) پەیوەندی خێزانی بەست و ژنی هێنا. هەر لەسەرەتای ژیانی خێزانیانەوە، کامۆ تێگەیشت کە سیمۆن فێری وەشاندنی مۆرفینە، پاش یەک ساڵ بەبۆنەی خیانەتی سیمۆنەوە، لە یەک جیابوونەوە، لە (1940)دا لەگەڵ (فرانسیس فور)دا ببونە ژن و مێرد.

دووهەمین شەڕی جیهانی خەریک بوو دەست پێ بکات.

کامۆ لەسەرداخوازی خۆی ویستی لەشەڕدا بەشدارییکات، بەڵام بەبۆنەی نەخۆشی سیلەکەیەوە لێیان قبوڵ نەکرد، ئەو لەو کاتەدا سەرنوسەری ڕۆژنامەی ئێوارەی کۆماری بوو، کە لەژانویەی ساڵی (1940)، فەرمانگەی چاودێری، ڕۆژنامەکەی داخست و ئیدی نەیانهێشت ئیش بکەن.

لە مارسی هەر ئەو ساڵەدا بوو، کە پارێزگاری شاری ئەلجەزیرە ئەلبێر کامۆی وەکو» مەترسییەکی نەتەوەیی»لە بۆ وڵات، بە خەڵک ناساندو پێشنیاری کرد، کە ئەلبێرت کامۆ لە شار دەربکرێت، کامۆ زۆر زوو لەوێیەوە بۆ پاریس ڕۆیشت.

لە پاریس ئیشی خۆی لە رۆژنامەی ئێوارەی پاریسدا دەست پێکردو دواتریش بەبۆنەی دوری کردن لەسوپای نازیزم، لەگەڵ کارمەندەکانی ڕۆژنامەدا لەپێشدا ڕۆیشتنە شاری کلرمۆن فران و دواتریش بەرەو شاری بۆردۆن کۆچیان کرد.

لە (1944)، ئەلبێر کامۆ ڕۆمانی (بیانی) و کۆمەڵە وتارە فەلسەفیەکەی خۆی بەناوی(ئەفسانەی سیزیۆف)لە چاپداو بڵاویکردەوە، هەروەها شانۆنامەی (کالیگۆلا)ی لە ساڵی (1943)دا بەچاپی گەیاند.

کامۆ لەم شانۆ نامەیەدا زەحمەتێکی زۆری کێشا؟ لە (1943) کامۆ کتێبێکی دیکەی نوسی بەناوی (ئەو نامانە، بۆ هاوڕێیەکی ئەڵمانی)، کە بە دزیەوە لە چاپیدا.

**چالاکییەکانی ئەلبێر کامۆ دژ بە نازیزم و ئاکامی شەڕ**

لە نـۆزدەی دیسەمبەری (1941)دا، کامۆ شاهیدی لە سێدارەدانی (گابریل پری) بوو، کە بەوئەی خۆی ڕوودانی ئەو کارەساتە ببووە هۆی دروست بوونی ڕق و قینێکی زۆر بەرانبەر بە نازیزم لە ئەڵمانیدا.

ئەو لە (1942)دا بووە ئەندامی ڕێکخراوێکی فەڕەنساوی بەناوی (شەڕ) و بە یارمەتی ئەندامەکانی تری ڕێکخراوە کە لە (1943)دا، بەشێوازی شاراوە دەستی بەکاری ئیشی ڕۆژنامەوانی کردەوە. هەر لەم ڕێکخراوەدا لەگەڵ ( ژان پۆل سارتەر) ئاشنا بوو، بەڵام ڕۆژێک کە ژمارەیەک لە ڕۆژنامە نهێنیەکەیان پێ بوو دەستگیرکرا.

پاش ساڵەکانی شەڕ، کامۆ تێکەڵی  گروپی سارتەرو سیمۆن دیبۆڤوار بوو، ئەوان بەردەوام لەکافەی فلۆرو پارکی سن ژرمەن یەکتریان دەدی و کۆدەبوونەوە .

ڕۆمانی (تاعون)ی لە ساڵی (1947) لە چاپدا، کە لەو سەردەمەدا بوو بە پڕفرۆشترین کتێبی ساڵ. دیسان هەر لەم ساڵەدا، لە ڕۆژنامەی شەڕدەستی کشاو بەریدا.

شانۆنامەی (عادلەکان)ی لە (1949) بڵاوکردەوە لە ساڵی پەنجاو دودا، پاش ئەوەی کە کەسێک، بابەتێکی دژ بە کامۆ لە ڕۆژنامەکەی سارتەردا، کە خودی سارتەریش سەرنوسەری بوو بڵاوکردەوە، ناکۆکییەکانی کامۆو سارتەر دەستی پێکردو نێوانیان وەکو جاران نەماو لەیەک تێکچوون.

پاش ئەوەی کە سازمانی میللی ئەندامیەتی ئیسپانیای بەسەرۆکایەتی

ژەنراڵ فرانکۆ قبوڵکرد، کامۆ لە سازمانی یۆنسکۆش هاتە دەرێ و ئەویشی بەردا، ئەو لەدەگمەنترین کەسایەتیەکانی چەپ بوو، کەشکاندی هێزی کرێکارانی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتیی پێ قبوڵ نەبوو.

**چالاکیەکانی بۆ وڵاتی جەزائیر**

کامۆ تا ئاکامی ژیانی خۆی دژ بەپرۆژەی سەربەخۆیی جەزائیرو دەرکردنی فەڕەنسییەکان لەوێدا وەستا بوو، بەڵام هیچ کاتێ دژ بە مافی موسڵمانەکانی ئەوێ ڕانەوەستاوە، بەڵکو یارمەتیشی دەدان.

لە 1956دا کامۆ بوو بە بەڕێوەبەری کۆبونەوەییەکی گشتی لە جەزائیردا، بەڵام دیسان دژ بەو ڕاوەستان و هەر دوو تەرەفی گفتوگۆکە، واتە بەشی چەپی فەرەنساویەکانی جەزائیرو موسڵمانەکان، نەیان هێشت ئیشەکەی بەڕێوەبباتێ.

کامۆ لە کۆتای وتارێکدا کە نوسی هەوڵیدا لە جۆرێک فیدڕاڵیزمەوە بدوێت کە کۆمەڵی فەرهەنگەکانی جەزائیر، لە خۆدا کۆبکاتەوە. مۆدێلێک لەسەر مۆدێل و سیستمی وڵاتی سویس، کە دیسان ئەویش تێکچوو نەیان هێشت کارەکەی بەڕێوە بڕواتێ.

لەوکاتانەوە ئیدی کامۆ دەستبەکاری خولقاندنی بەرهەمە ئەدەبیەکانی بوو. دەیان کورتە چیرۆکی لەبارەی جەزائیرەوە بڵاوکردەوە، هەروەها خۆی سەرقاڵی ئیشی شانۆیش کرد. دوو شانۆی بردەسەر سەکۆی شانۆ کە لە شانۆنامەکانی (لەپرسەی ڕاهێبەدا) ویلیام فۆکنێر، (جن لێ دراوەکان) فیۆدۆر داستایوسکی، وەرگیرداربوون و خەڵک زۆر حەزیان لێکرد .

(سقوط)، یان (داکەوتن)ی لە ساڵی (1939)دا نوسی.

لەساڵی (1957) بە بۆنەی ڕۆمانی (بیانی) خەڵاتی نۆبڵی وەرگرت.

ئەو دووهەمین نوسەرێک بوو، کە لەو تەمەنەداو لە سەردەمی

گەنجایەتیدا، خەڵاتی نۆبڵی پێی بەخشرا.

کاتێک کامۆ مرد

پاش نیوه رۆژی چواری ژانویه (1960)، له بیس و چوار کیلۆمەتری شاری سانس له گەوره ڕێیانێکدا،

له پەراوێزی گوندی پتیویل، له نزیکەی مۆنتەرۆ، ماشینێکی فاسێڵ-وڵگا، له جادەکه تورِدەدرێته دەرێ و دەکوترێته پیرەدارێکداو ورد دەبێت بەیەکدا. ئەلبێر کامۆ لەپشتەوەی ماشێنەکەدا دانیشتبوو، ئەو لەگەڵ هاوڕێیەکەی (میشێل گالیمار)هاوسەفەربوو.

پرۆفایل

ئەلبێر کامۆ ڕۆماننوس فەیلەسوف. له دایکبووی: 7 نۆڤبیری 1913ی شاری مۆندی، وڵاتی جەزائیر. مردن:

نەتەوە: جەزائیری - فەڕەنسی.

بەرهەمە سەرکەوتووەکانی: بیانی و سقوت (کەوت)

وتەی بەناوبانگی: (بەردەوام بۆ دور بڕوانەو لەدوردا بیربکەرەوە، لەوەدایه که حەقیقەت دەیدۆزیتەوە) .

**سەرچاوەکان:**

سایته ئینتێرنێتیەکان.

# 100 ساڵەی
# لە دایکبوونی ئەلبێر کامۆ

**لە فارسییەوە: ئایدیا**

فەرەنسا سەدەمین ساڵڕۆژی لە دایکبوونی نوسەرێک دەکاتەوە، کە لە تەمەنی 44 ساڵیدا خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی وەردەگرێت، لە 47 ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات. ئەلبێرکامۆ کە ئەمڕۆ کە بە یەکێک لە کاریگەرترین نوسەرانی سەدەی بیستەم دەناسرێت.

ئەلبێرکامۆ دوور لە خاکی فەرەنساو لە خێزانێکی هەژارو بەشمەینەت هاتووەتە دنیاوە. ئەو کە ئەمڕۆ بە یەکێک لە سیما درەوشاوەکانی ئەدەبیاتی فەرەنسا لە قەڵەم دەدرێت، لە موعجیزە دەچێت. ئەلبێرکامۆ لە 7ی نۆڤەمبەری 1913 دا لە گوندێکی نزیک شاری عەنابەی ئەمڕۆ لە باکوری خۆرهەڵاتی جەزائیر، هاتە دنیاوە. ڕەچەڵەکی باوکی دەگەڕێتەوە بۆ باشوری فەرەنسا، کە هەر لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەمدا (1914) نێردرا بۆ بەرەی جەنگ و هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونی کارەکەی لەجەنگدا گیانی لە دەستداو لە فەرەنسا بە خاک سپێردرا. کامۆ تەمەنی 14 ساڵ بوو، کە بۆ یەکەمین جار لەسەر گۆڕی باوکی ڕاوەستا.

دایکی کامۆ ئیسپانی بوو لە دوورگەی (مینۆرکا)وە، بۆ جەزائیر کۆچی دوایی کردبوو، ژنێکی کەم دوو نەخوێندەوار کە بە وتەی کامۆ، (تەنیا 450 وشەی دەزانی، ئەویش ئەگەر قسەی بکردایە)، لە دوای کۆچی دوایی هاوسەرەکەی هەژاری زیاتر باڵی بەسەردا کێشان. ژنێکی بێ نەوا هەردوو منداڵەکەی ئەلبێرو براگەورەکەی هەڵگرت، لەگەڵ خۆیدا بردنی بۆ جەزیرەو

لای نەنکە نەخۆشەکەیان لە گەڕەکێکی هەژارنشین گیرسانەوە.

کامۆ ئەبعێکی پڕجۆش و خرۆشی هەبوو هەوڵیدەدا کەم و کوڕییەکانی ژیانی بە گاڵتەو گەپ و وەرزش پڕبکاتەوە، هەموو رۆژێک لەبەر خۆرەتاوی گەرمدا بەدوای تۆپی پێدا ڕایدەکرد. ئاوهەوای هەوری گەرمای هاوین، هەرەمی هەتاو، خاکی گەرمی بیابان، بۆنی جەستەی سوتاو و عارەقاوی رۆدەچـووە جەستەو گیانییەوەو پاشانیش رۆدەچـووە ناو سەرجەم کارە ئەدەبییەکانیەوە.

گۆشەی چۆڵی کتێبخانەی جەزیرە بۆ کامۆ زیاتر شوێنی پشودانێکی چۆڵ و ئارام بوو کە هەندێکجار لەو گەڕەکە قەرەباڵغ و پیسە هەڵدەهات و پەنای بۆ ئەوێ دەبرد. لە قوتابخانەی دواناوەندیدا مامۆستایەکی دڵسۆزو ڕێکوپێکی هەبوو کە هەستی بە تواناو لێهاتوییەکانی کردو چاوی ئەوی بە دنیای ئەدەبیاتدا کردەوە.

کامۆ لە ساڵی 1931دا لە زانکۆی جەزیرە دەستی بە خوێندنی فەلسەفە کردو بە جدییەوە سەرقاڵی خوێندنەوەی ئەدەبیات بوو بەتایبەتی دەقە شانۆییەکان. هاوکات وەکو هاوکاریکردنی گروپە شانۆییەکانی خوێندکارانی زانکۆ دەستیکرد بە نوسینی دەقی شانۆیی و کارەکانی بردە سەر تەختەی شانۆ. چەند بەشێک زیاتر وانەی نەخوێندبوو، کە بەهۆی توشبوونی بە نەخۆشیی سیل نەیتوانی درێژە بە خوێندن بدات. ئەو ئومێدەشی بۆ کاری مامۆستایەتی بەمەبەستی یارمەتیدانی بژێوی خێزانەکەی، بە باچوو.

**خەونی ئازادی:**

لەسەردەمانێکدا کە زۆربەی روناکبیران، سۆسیالیزمیان بە تاکە ڕێگەی رزگاریی مرۆڤایەتی دەزانی، ئەلبێر کامۆ لە ساڵی 1934دا پەیوەندی کرد بە

حیزبی کۆمۆنیستەوە کە پەیڕەوی لە ڕێنماییەکانی (کمینترن) دەکرد، بەڵام ئەو هەر زوو ماهیەتی ڕاستەقینەی رژێمی ستالینی ناسی و پشتی کردە (یەکێتیی سۆڤیەت)، کە بە (قەڵای پێشکەوتن و سەرکەوتن) ناو دەبراو لە ناوەندە حیزبیەکاندا کەوتە رەخنەگرتن لە ستالین. (هاوڕێکانی) ئەویان بە لایەنگریکردنی بیروڕاکانی تروتسکی تاوانبار کرد. کامۆ پەیوەندیکرد بە ڕەوتی نەیارانی کۆمۆنیستەکانەوە وانە (حیزبی خەڵکی جەزائیر)، کە پێکهاتەیەک بوو بە بەرنامەی سۆسیالیستییەوەو کامۆش ئەو هێزەی بە نزیکتر لە خەڵکی زەحمەتکێش دەبینیەوە.

کەڵکەڵەی (دادپەروەری) لە یەکەمین بەرهەمە ئەدەبییەکانی کامۆدا خۆی دەردەخات. دیارترین سیمبولی نادادوەری لە ژیانی ڕەنجی دۆمە عەرەبەکانی جەزائیردا دەبینیەوە. زۆربەیان بێبەش و ستەم دیدە کە بەهۆی داگیرکەرانەوە بوبوونە (هاوڵاتیی پلە دوو). کامۆ لە ساڵانی 1937 تا 1939 لە رۆژنامەی سۆسیالیستی (ئالژر رپوبلیکن) (جەزائیری کۆماریخواز) دەربارەی ژیانی پڕ ڕەنج و میحنەتی جوتیارانی عەرەب هەندێ ڕاپۆرتی بڵاوکردەوە، کە زۆر کاریگەرو وروژێنەر بوون.

**لەمەیدانی خەباتدا:**

کاتێ کە جەنگی جیهانیی دووەم هەڵگیرسا، ئەلبێر کامۆ تازە لە ئاوران (یان وەهران، لە باکوری خۆرئاوای جەزائیر) بوو بە مامۆستا و لەگەڵ فرانسین فۆر، مامۆستای ماتماتیکدا، ژیانی هاوسەریی پێکهێنابوو، بەڵام ئامانجی ئەو چوونە ناو دنیای ئەدەبیات بوو. لە ساڵی 1942دا لە سەفەرێکدا بۆ پاریس توانی کارێکی وەکو هەڵەبڕی لە دەزگای پەخش و بڵاوکردنەوەی گالیمار پەیدا بکات.

هەر لەو قۆناغەدا بوو کە کامۆ بوو بە ئەندامی تەشکیلاتی نهێنی کە دژی داگیرکەرانی نازی دەجەنگان. ڕێکخراوی (کومبا) (خەبات) گروپێک بوو لە چەپڕەوانی سەربەخۆی حیزبی کۆمۆنیست کە هاوکاریی (ڕاپەرینی بەرگری)یان بە ڕێبەرایەتیی ژەنەراڵ دوگل دەکرد. کامۆ وتاری بۆ بڵاوکراوەی ژێر زەمینی گروپەکە دەنوسی، لە ساڵی 1943دا بووە سەرنوسەری بڵاوکراوەکە.

لە کۆتاییەکانی سەردەمانی داگیرکردندا، کامۆ کە بەهۆی هاوکاریکردن لەگەڵ (راپەڕینی بەرگری)دا پاسپۆرتی ساختەی هەبوو، لە سەفەرێکی پڕ مەترسیدا توانی بچێتە لای هاوسەرەکەی لە ئاوران. هەر لەو هەلومەرجەدا بوو، کە دەستیکرد بەنوسینی یەکێک لە باشترین ڕۆمانەکانی خۆی: (تاعون) کە ڕەگی ژیاننامەکەی ئاشکرایەو لە دوای جەنگ و لە ساڵی 1947دا بڵاوبۆوە.

**پەیوەندیکردن بە ئێگزیستانسیالیزم:**

ئەلبێر کامۆ لەساڵی 1942 کە هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە 30 ساڵ، دوو بەرهەمی گرنگی بڵاوکردەوە کە وەک دوو پایەی پتەوی نوسینە فەلسەفی و بەرهەمە پڕ بایەخەکانی دێنە ئەژمار: نامیلکە (ئەفسانەی سیزیف) و ڕۆمانی (بێگانە). ئەم دوو بەرهەمە لە دوو قاڵبی ئەدەبی جیاواز لە ناوەڕۆکدا پەیوەندیی ئۆرگانیکیان هەیە: بنەمای هاوبەشیان بێ هودەیی ڕەهای (بوون) و بێ دەنگی ناچارییانەیە.

ئەلبێر کامۆ بەم دوو بەرهەمەی بەشێوەیەکی سروشتی چووە پاڵ ئێگزیستانسیالیزم، ئەو بزاڤە فەلسەفیە بەرزەی رۆژگار کە باڵی بەسەر داهێنانە هونەری و ئەدەبییەکاندا کێشابوو. کاتێ کە ڕۆمانی (بێگانە) لە

پاریسی داگیرکراودا بڵاوکرایەوە، ژان پۆل سارتەر کە ناودارترین قسەکەری ئێگزیستانسیالیزم بوو، بەبێ پچڕان لە وتارێکدا کەوتە ستایشکردنی کتێبی نوسەرێکی لاو. دۆستایەتییەکی گەرم لە نێوان کامۆ و سارتەردا دروست بوو. دەوترێت کە هاوڕێیەتی نێوانیان لە سەرەتادا بە مقۆمقۆ دەستپێکردوە. کامۆ هەمیشە بە سارتەری دەوت کە وابەستەیە بە کۆمۆنیزمی روسیاو ناتوانێت هزری خۆی لە قاڵبە ئایدۆلۆژییەکان دەرباز بکات.

هاوڕێیەتیان بەتایبەتی لە دوای جەنگ و لەگەڵ درز تێکەوتنی نێوان بەرەی خۆرهەڵات و خۆرئاوا ساردیی تێکەوت. سارتەرو یارە هاوڕێیەکەی سیمۆن دی بوڤوار بەدیدگایەکی (بەرپرسیارانەوە) ڕوویـان دەکـردە بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان، لەکاتێکدا کامۆ دژی بونیادی هەموو جۆرە دەسەڵاتێک بوو.

**پوچی سەکۆیەک بۆ شۆڕش:**

ئەلبێر کامۆ لە (ئەفسانەی سیزیف)دا دیدگای فەلسەفیی خۆی بە شێوازێکی سادەو ڕوون دەربڕیوە. ئەو دەڵێت کە ژیان خۆی لە خۆیدا کارێکی بێهودە یاخود (پوچ)ە و ناتوانرێت هیچ مانایەکی بۆ بدۆزرێتەوە. بە بڕوای کامۆ بێ هودەیی ئاوێنەیە، لەگەڵ روانینی بێ ماناو دوبارەی ژیان: مەبەست لەم هاتن و چوونە هەرگیز ڕوون نییە، کامۆ ئەم گوزەرانە عەبەسە لەڕێی چارەنوسی ئازاربەخشی سیزیف (سیسیفۆس) ئەفسانەی یۆنانەوە باس دەکات:

زیۆس، خودای مەزن، تورە بوو لە نافەرمانییەکانی سیزیف، ئەوی مەحکوم کردبوو بەوەی کە گاشەبەردێک تا سەر لوتکەی شاخەکە بەرێتە سەرەوە، بەڵام گاشەبەردەکە هەموو جارێک لە نزیک لوتکەکەدا گلۆر

دەبوەوەو سیزیف ناچاربوو جارێکی تر بەزەحمەت بیباتەوە سەرەوە و بیگەیەنێتەوە سەر لوتکەکە. دوبارەبوونەوەی کاری بێهودەو پوچ گەورەترین ئەشکەنجە بوو کە خودایان ناساندبوویان.

ڕۆمانی بچوکی (بێگانە)ش گێڕانەوەیەکی زینـدووە، لە(پێگەی مرۆڤایەتی): لە ژیانی بێهودە و پوچدا، هەموو هەنگاوێک تەنانەت کوشتن و تاوان، ماناو مەفهومی خۆی لەدەست دەدات، لە بێهودەیی خودادا ئەم (ڕوانینە بەتاڵە) ناتوانێت ڕەهایی بەدەست بهێنێ.

بـەڵام، بەگومانی کامۆ، دەتوانرێت ڕەتبکرێتەوە، یاخود شۆڕش بکەیت بەسەریدا، تەنیا بەهۆی شۆڕش و یاخیبوونەوە مرۆڤ دەتوانێت بە خودئاگایی و ئازادی بگات. ڕوونە کە شۆڕش چارەسەر نییە، بەڵام مرۆڤانەترین کاردانەوەو وەڵامە، کاردانەوەو وەڵامی مرۆڤە کە نایەوێت بەندەی چارەنوس بێت.

(چارەنوس)، (شۆڕش) بەسەر ئەودا، بۆ گەیشتن بە (ئازادی) لە دیدی فەلسەفەی کامۆوە سێ وتاری بنەڕەتین.

کامۆ بەبڵاوکردنەوەی کتێبی (مرۆڤی یاخی) (1951)دیاردەی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی لە هەموو ڕەهەندە فیکری و لایەنە زانستیەکانەوە خستەبەر ڕەخنە لێرەوە ڕێگەی ئەو لە ڕەوتی سەرەکیی روناکبیری جیابووە. روناکبیرانی چەپ ئەویان بە (خیانەت)کردن، لە بنەما (پیرۆزەکان) وەکو خەباتی چینایەتی و شۆڕشی کۆمەڵایەتی تاوانبار کرد.

(مرۆڤی یاخی) بەرهەمی بیرکردنەوەو ڕەنگە ڕوانین لە چەمکی (پوچی)یە کە نزیک دە ساڵ بەر لە پەیامی (ئەفسانەی سیزیف) دەربڕابوو. (مرۆڤی یاخی) کە هەوساری قورسی چارەنوسی بە ملەوەیە، بە (شۆڕش) لە فەرمانی (پوچ) سەرپێچی دەکەن.

کامۆ بنەمای وەکو (حورمەت و کەرامەتی مرۆیی) بە (بەهای بونیادی) دەخوێنێتەوە، ئەو دەگوازێتەوە بۆ پانتایی (بوون)و لەوە بنچینەیەک بۆ ئەخلاق سازدەکات. لەم دیدگایەوە دەبێ کامۆ بە پێشڕەوانی (ئاتەئیسمی ئەخلاقگەرا لە قەڵەم بدرێت.

کامۆ لە پێناسەی (سەرکێشی)دا پشت بە خاڵێک دەبەستێت، کە بۆ ناسینی دیدگای سیاسی ئەو ڕۆشنە:

(شۆڕش بریتییە لە گۆڕینی ئایدیا بۆ ئەزمونی مێژوویی) لە کاتێکدا سەرکێشی تەنیا بزاڤێکە کە ئەزمونی تاکەکەسی مرۆڤ بۆ ئایدیا دەگۆڕێت).

بە گوزارشتێکی روونتر: شۆڕش بزاوتێکی تاکگەرایەو (مەعنەوی)یە کە توانا بە مرۆڤ دەدات دەسەڵاتی بەسەر چارەنوسی خویدا بشکێ و بە بەرپرسیارێتیەوە بیباتە پێش، لە کاتێکدا شۆڕش سروشتی (سیستەمی) هەیەو تاک بە پەیڕەوکردنی لە بنەماو چەمکە ئایدۆلۆژیکییەکان ئاراستە دەکات. بیرکردنەوەی ئایدۆلۆژی ڕەتکەرەوەی سەرکێشیەو سەرەنجام دەگاتە شۆڕش.

**ڕەخنە لە سیستەمی ئایدۆلۆژی:**

کامۆ لەمەڕ رەخنەگرتن لە سیستەمی ئایدۆلۆژی دەڵێت، کە مەرامە سیاسییەکان بە ناوی (پەیامی مێژوویی)و بەناوی (ئازادی) دێنە ناو مەیدانەوە، بەڵام بە زوویی بەسەرهاتی تاکەکان بە فەرامۆشی دەسپێرن. ئەوان بەڵێنیی دنیایەکی باشترو زیاتر دەدەن، بەڵام خودی ژیان دەکەنە قوربانی.

مارکسیزم وەکو جیهانبینیی سیستەمی و مێژووگەرا ناتوانێت بەدەربێت لە رەخنەی کامۆ. بە بیروڕای ئەو ماکسیزمی ڕاستەقینە ژیان دەوستێنێت. هەموو شتێنێک بۆ ئایندەیەکی دوور بە دنیای دوای (شۆڕش) دەسپێرێت.

کامۆ لە ڕەخنەی مارکسیزمدا بەرهەڵستێک تێڕوانینی لەسەر بونیادە

ئەخلاقییەکان هەیە. ئەو لەبنەڕەتدا (یەکێ بۆ هەموان) و بە قوربانی کردنی (تاک) لەڕێگەی توێژو کۆمەڵگای ئایندەوە سەرکۆنە دەکات، بە بڕوای کامۆ تاکی شۆڕشگێڕ بۆ بەرگریکردن لە یەک (مرۆڤایەتی)یەکی پەتی و وەهمی، ئامادەیە مرۆڤگەلێکی بێ ئەژمار بکاتە قوربانی. ئامانج و هۆکارەکانی بە سادەیی جێگەی خۆیان دەگۆڕن. مرۆڤێک کە بە پیرۆزی بەخشین بە شۆڕش، پاساو بۆ کوشت و کوشتار دێنێتەوە، سەرەنجام ئەرکەکەی خۆی بە سڕینەوەی مرۆڤەکان کەم دەبێتەوە.

کامۆ کە بە ڕەخنەی سیستەمەکان و دەزگا فیکرییە دەسەڵاتدارەکان دەستی پێکرد. تاگەیشتە بەرگریکردن لە بونیادە مەدەنییەکان: باوەڕێکی قوڵ بە مافی مرۆڤ و بەرگری لە بەش خوراوان و ستەملێکراوان. لە شانۆنامەی (دادوەرەکـان، 1950) ئاشکرای دەکات کە هیچ ئامانجێک بۆ پاساوی توندوتیژی جێگەی قبوڵ نییە، کامۆ لەسەردەمانی  باڵادەستی ئامانجە چەپەکان، ترسی خستە دڵی ڕوناکبیرانەوە کە دڵبەستەی خولیا ئایدولۆژیکییەکان نەبن. ڕژێمە پاوانخوازەکان بە چەپ و ڕاستەوە، بە بەڵێنی بەهەشتە بێ بنەماکان، لەسەر زەوی دۆزەخی ڕاستەقینە دەخولقێنن.

بڕیاری دامــەزراوەی نۆبڵ لە ساڵی 1957دا بۆ بەخشینی خەڵاتی ئەدەبیات، بۆ نوسەرێک کە بە بیروڕای (نا شۆڕشگێری) ریسوای دنیا ببوو، دوور لە چاوەڕوانی بوو. لە مەدرەکی خەڵاتەکەدا وترابوو: (ئەم نوسەرە داهێنانی ئەدەبی ئاوێتە بە ڕوونبینی و هەستکردن بە بەرپرسیاری، لە دەربڕینی گرفتە ویژدانییە مرۆییەکان لە رۆژگاری ئێمەدا بەکارهێناوە).

کامۆ تەنیا 44 ساڵ بوو، بۆ ژیان سێ ساڵ زیاتری لە بەردەمدا نەمابوو. ئەو رۆژی چوارەمی ژەنیڤەری 1960 سواری ئۆتۆمبیلێکی بە پەلە بوو، کە بردی بۆ سەفەرێکی هەتاهەتایی.

دواهەمین سەفەری ئەو سەرانسەر پوچ و هیچ بوو: کامۆ رۆژێک بەر لەسەفەر، بۆ رۆیشتن لە باشوری فەرەنساوە بۆ پاریس بلیتی شەمەندەفەری بڕیبوو، تەنیا بە تکای میشێل گالیماری هاوڕێی بوو کە ڕازی بوو بە ئۆتۆمبیلەکەی ئەو بچێت بۆ پاریس. لەو پاش نیوەڕۆ بارانییەدا ئۆتۆمبیلەکە لەسەر قیرەکە خزی و کەوتە دەرەوەی جادەکە. لە چوار سەرنشینی ئۆتۆمبیلەکە کامۆ دەستبەجێ مردبوو.

**سەرچاوە:**

-سایتی فارسیی دویچەوێلە.

# ئەلبێرت کامۆ

**نوسەرو فەیلەسوفی جەزائیری — فەڕەنسی**

**لە ئینگلیزییەوە: شاسوار کەمال مەحمود**

کامۆ وەک بیریاری بونگەرایی نـاسـراوە، هەرچەندە بۆ خۆی حەزی دەکرد، وەک مرۆڤ بناسرێت نەک ئەندامی قوتابخانەیەک، یان ئایدۆلۆژیایەک. کامۆ مرۆڤی لەلا بەرزتر بوو، وەک لە ئایدیا ساڵی 1957 خەڵاتی نۆبڵی بۆ ئەدەب پێبەخشراوە، لە ماوەی جەنگی جیهانی یەکەمدا، باوکی لە جەنگدا دەکوژرێت، بەمەش سەرەتای هەژاری و ناڕەحەتی ژیانی دەست پێدەکات و دایکی سەرپەرشتی خێزانەکە دەکات، ئەم هەژاریەش وا لە کامۆ دەکات هەموو جۆرە ئیشێک بکات، لە هەمانکاتیشدا ئاگای لە خوێندنەکەی دەبێت، ساڵی 1935 زانکۆ تەواو دەکات، لە ماوەی ژیانیدا دوجار ژنی هێناوە، هاوکات لەتافی لاوێتیشدا گرنگی بەسیاسەت داوەو پەیوەندی بەچەند پارتێکی سیاسیەوە کردوە، لەوانە پارتی کۆمۆنیستی فەرەنساو پارتی گەلی جەزائیری.

لە مـاوەی جەنگی جیهانی دووەمـدا کامۆ پەیوەندی دەکـات بە شانەی بەرگری فەرەنسا، کە ناوی (خەبات) دەبێت و بڵاوکراوەیەکیش هەر بەو ناوە دەردەکەن، ئەم گروپە دژ بە نازیەکان شەڕ دەکەن، کامۆ دەبێتە سەرنوسەری ئەم بڵاوکرایەوە لەساڵی 1943، هەر لەم ڕێگایەشەوە برادەرایەتی لەگەڵ (جان پۆل سارتەر) پەیدا دەکات، کامۆ ساڵی 1947 واز لە بڵاوکراوەکە دێنێت، دوای ئەوەی دەبێتە ڕۆژنامەیەکی بازرگانی. کامۆ دژی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی بوو، کە لە هێرۆشیما بەکارهات، لە پەنجاکانی سەدەی رابردودا، کامۆ خۆی بۆ بواری مافی مرۆڤ تەرخان کرد،

بەڵام لە ساڵی 1952دا دەستی لە کاری یونسکۆ کێشایەوە، دوای ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئیسپانیای وەک ئەندام قبوڵکرد، بەرابەرایەتی ژەنراڵ (فرانکۆ). کامۆ لە ساڵی 1960 کۆچی دوایی کرد، بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل.

**بیری کامۆ لەسەر پوچگەرایی:**

کامۆ لە کارەکانیدا دوا لیزمە پێشکەش بە خوێنەرانی دەکات: شادی و خەمباری، تاریکی و رووناکی، ژیان و مردن. کامۆ بەلایەوە گرنگ بوو، کە چۆن ئەزمونی پوچی بکەین و لەگەڵیدا بژین. پێویستە ژیانمان مانایەکی هەبێت، کە ئێمە نرخی بۆ دادەنێین، ئەگەر قبوڵی بکەین ژیان بێ مانایەو هیچ نرخێکی نییە، ئایا خۆمان بکوژین؟! بە بۆچوونی کامۆ کاری هاوبەش و هاوکاری و سۆڵیدارێتی وەڵامن بۆ پوچی ژیان.

«ئەگەر شتێک نەبێت مانای هەبێت، ئەوا تۆ ڕاستدەکەیت، بەڵام ئێستاش هەندێک شت هەن، کە مانایان هەیە.» نامەی دووەم، بۆ هاوڕێی ئەڵمانی دیسەمبەری 1943.

**هەندێک لەکارەکانی**

- نامۆ
- تاعون
- یاخی بوون
- بەهەڵە تێگەیشتن
- بەرگری، یاخی بوون، مردن

**سەرچاوە:**

Wikipedia, the free encyclopedia

# شانۆیی بەدحاڵی بوونی کامۆ و فەلسەفەی پوچگەرایی

لە ئینگلیزییەوە: دانا تەیب مەنمی

شانۆیی بەدحاڵی بوون کە ناوەکەی بە زمانی فەڕەنسی بریتیە لە (Le Malentendu)، لە ساڵی 1943دا لە فەڕەنسای داگیرکراودا لەلایەن ئەلبێرت کامۆوە نوسراوە و ئەم شانۆییە جەخت دەکاتەوە لە سەر بیرۆکەی پوچگەرایی.

پیاوێک کە بۆ چەندین ساڵ لە دەرەوەی وڵات ژیاوە دەگەڕێتەوە، بۆ نیشتمانی خۆی و دەبینێت خوشکەکەی و دایکە بێوەژنەکەی ژیانی خۆیان بە گرتنی ..... و کوشتنیان دابین دەکەن.

**پوختەی بیرۆکەکە**

بەشی یەکەم: هۆڵی پێشوازی ژوورێکی بچوکی دانیشن.

کاث: کاتی نیوەڕۆ

مارساو دایکی پێکەوە لەگەڵ پیاوێکی پیری بێ دەنگدا هۆتێلێک بەڕێوە دەبەن کە تیایدا گەشتیارە دەوڵەمەندو تەنیاکان سەردەبڕن. مارسا دەیەوێت پارەی تەواوی دەستبکەوێت، تا بچێت لە نزیک دەریا بژی، دایکیشی ماندوبووە لە کوشتن.

جان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوماڵەی 20 ساڵ لەمەوبەر بەجێی هێشتووە. ئەو بیستویەتی کە باوکی مردووە و پارەکەی بۆ دایکی بەجێهێشتووە. ئەو پێشبینی کرد کە وەکو «کوڕە وونبووەکەی ناو ئینجیل» پێشوازی لێ بکرێت،

بەڵام دایکی ئەو ناناسێتەوە. ماریای خێزانی جان دەڵێت کەسێکی سادە بەسادەیی خۆی دەناسێنێت، بەڵام بەنیازە لە دەرەوە چاودێری خێزانەکەی بکات و بزانێت لە ڕاستیدا ئەوا چیان پێویستە تا دڵخۆشیان بکات.

ماریا بە نابەدڵییەوە ڕازی دەبێت، کە ئەو لەوێ بۆ ماوەی یەک شەو بەجێبهێڵێت. جان بەناوێکی ناڕاستەوە ناوی خۆی تۆمار دەکات. مارسا زۆر خوێن ساردەو وەڵامدانەوەی پرسیاری تاکە کەسی ڕەتدەکاتەوە. کاتێ جان ئاماژە دەکات بە مەبەستی سەردانەکەی و پرسیار لە دایکی دەکات ئایا ئەو کوڕێکی هەیە، دایکی وەڵامی ناداتەوە، بەڵام لە مارسا دەپاڕێتەوە کە جان نەکوژێت.

**بەشی دووەم: ژووری نوستن، کات ئێوارەیە**

مارسا تۆزێک ڕووەو لای جان گەرم دەبێت، بەڵام کاتێ جان حەزی لێ دەکات، مارسا ساتە هاوبەشەکان ڕەتدەکاتەوە و بڕیار دەدات بیکوژێت. ئەو کوپێک چای ژەهراوی بۆ دەهێنێت. دایکی هەوڵدەدات کوپە چاکە بگەڕێنێتەوە، بەڵام کات زۆر درەنگە. جان هەوڵدەدان هەستەکانی خۆی بۆ دەربڕێت، بەڵام دایکی بەشێوەیەکی سارد وەڵامی دەداتـەوە. کاتێ جان خەوی لێدەکەوێت، مارسا پارەکەی دەبات، لەگەڵ دایکیدا ئامادەکاری دەکەن جان فڕێ بدەنە ناو ڕوبارەکەوە.

**بەشی سێیەم: ژووی پێشوازی، کات بەیانی**

ئەو بەیانییە مارسا دڵی خۆشە، بەڵام دایکی تۆزی هەست بە شەکەتی دەکات. پیاوە پیرەکە پاسپۆرە فڕێدراوەکەی جان دەدۆزێتەوەو ئەوان بەبێ هەست بۆیان دەردەکەوێت چیان کـردووە؟ دایک بڕیار دەدات، بەبێ

گوێدانە نارەزایەتیەکانی مارسا خۆی لە ئاوەکەدا بخنکێنێت. مارسا بە تورەیی و تەنیایی بەجێدەمێنێت.

ماریا دەگاتە ئەوێ و بۆ مێردەکەی دەگەڕێت. مارسا سەرەتا دەڵێت ئەو ڕۆیشتووە، بەڵام دواتر ئیعتراف دەکات ئەوان بۆ پارەکەی ژەهرخواردیان کردووە و فڕێیان داوەتەوە ناو ڕوبارەکەوە، دەڵێت ئەوە «تەنها بەدحاڵی بوونێکی بچوک بوو» کە وای لێکرد براکەی خۆی بکوژێت.

ماریا نیگەران و نا ئومێدە. مارسا بە خوێن ساردییەوە ئەو حاڵەتە بەراورد دەکات بە هەمان حاڵەتی لەدەستدانی دایکی. دواتر کاتێ مارسا درک دەکات بەوەی ئەو تەنیایە، خۆی دەکوژێت. ئەو بە ماریا دەڵێت کە لە خودا بپاڕێتەوە بیکات بە بەرد یان خۆیشی بکوژێت، دواتریش ماڵەکە بەجێ دەهێڵێت.

ماریا نزا بۆ بەزەیی دەکات و پیاوە پیرەکە دەردەکەوێت. ماریا داوای یارمەتی دەکات، بەڵام ئەو ڕاستەوخۆ ڕەتیدەکاتەوە.

**سەرچاوە**

کامۆ شانۆیی بەدحاڵی بوونی لە ساڵی 1942 – 1943 دا، لە «Le Chambon-sur-Lignon» لە فەڕەنسای ژێر داگیرکاری نازییەکاندا نوسیو ,ە. شانۆییەکە لە بنەڕەتدا دەبوایە ناوی «Budejovice» بوایە بە ناوی شارێکی وڵاتی چیکۆسلۆڤاکیاوە کە کامۆ لەوێ لە میانەی گەشتێکی ئەوروپیدا لەگەڵ یەکەمین خێزانیدا لە ساڵی 1936 دا ماوەتەوە. (2)

کامۆ لەم شانۆییەدا هەوڵدەدات بەشێوەیەکی زۆر تایبەتی ڕەوشی مرۆڤ وەکو ئەوەی خۆی لە بارودۆخە ناهەموارەکانی ساڵانی 1942-1943 (2) دا بینویەتی دەربخات. ئەم شانۆییە چەند ڕەهەندێکی ژیانی کامۆ

دەردەخات: ئەو جەزائیری بەجێ هێشتبوو، کە ئەو زۆر بە قوڵی پەیوەستی ئەو وڵاتە بووە، ژنی دووەمی و هاوڕێکانی لەوێ بەجێهێشتبوو، ئەو نەخۆشی سیل پەرێشان و خەفەتباری کردبوو، هەروەها وەکو کاراکتەرێکی پڕوپاگەندەچی بۆ بەرگریی فەڕەنسییەکان (2) لە دژی نازییەکان لەژێر هەڕەشەی کوشتندا بوو. کامۆ جارێک ئەم شانۆییەی وەکو «ئەو شانۆییەی کە زۆر زۆر لە من دەچێت» وەسفکردووە. (1)

بیرۆکەی شانۆیی بەدحاڵی بوون هاوشێوەی ئەو بابەتەی ناو ڕۆژنامەکە کە پاڵەوانی ڕۆمانی (نامۆ)ی کامۆ لە ساڵی 1942 لەژێر دۆشەکی ژووری زیندانەکەیدا دەیدۆزێتەوە: ئەو بابەتە بریتییە لە چیرۆکی پیاوێک کە لە هەندەران دەوڵەمەند دەبێت و دەگەڕێتەوە بۆ نیشتیمانی خۆی و ماڵەکەی خۆی لە گوندەکەی خۆی کە لەوێ دایکی و خوشکەکەی ئوتێلێکیان هەیە. پیاوەکە ناسنامەی خۆی ئاشکرا ناکات (بۆئەوەی دواتر بیکات بە سەپرایزێک بۆیان)، وەکو میوانێک ژوورێک بە کرێ دەگرێت. لەبەرئەوەی ئەم پیاوە دەوڵەمەندە، دایکی و خوشکەکەی لەکاتی نوستندا سەری دەبڕن.

هەروەها بیرۆکەی ئەم شانۆییە پێچەوانە کردنەوەیەکی گاڵتە جاڕییانەیە، بۆ بیرۆکەی کلاسیکی ناسینەوەی براکە لە شانۆییە دێرینەکانی (ئیلێکترا) و چیرۆکی کوڕە دەستبڵاوەکەی ناو ئینجیل.

**ستایل**

شانۆیی بەدحاڵی بوونی «لە بیرۆکەو دروستکردنی کەسایەتیەکانی زۆر توندەو لە میزاجدا خنکێنەرە.» (2)

کامۆ بە ئەنقەست جۆرێک لە کاریگەریی گوتاری ڕازاوە و ڕوون و نا گشتی داهێناوە، هەروەکو لە تراژیدیایەکی کلاسیکدا. (2) لەڕێگای پێویستی

نوسین لە کاتێکدا هێشتا لەژێر داگیرکاریدا بووە، شانۆییەکە بڕە خوازەو ژمارەیەکی زۆر هێما و شێوازی نوسینی شانۆ لەلای کامۆ نزیک دەبێتەوە لە تراژیدیای یۆنانی، لە ستایلە یۆنانیەکەدا هەر کاراکتەرێک مشتومڕ لەسەر کردارەکانی خۆی دەکات ئیتر ئایا کاری باشە بێت یان خراپە. بەم شێوەیە کامۆ دەتوانێت بیرۆکەکانی خۆی لەسەر بێ تاوانی و خەفەت و تاوان و خیانەت و سزادان، دەستپاکی و بێ دەنگی بخاتە ڕوو، هەموو ئەمانە لەوەی پێی دەوترێت مشتومڕی بوونگەرایی پێکەوە کۆدەکاتەوە.

هەرچەندە مشتومڕەکانی کامۆ زۆر چڕو خێران شانۆییەکە بەخاوی دەجولێت لەکاتێکدا شانۆییەکە دەگۆڕێت، بۆ ئەوەی زیاتر لە لێکۆڵینەوەیەک بچێت نەک درامایەکی ڕێکخراو. (3)

ئەم شانۆییە لە هەموو کارەکانی دیکەی کامۆ شاعیرانەترە کە بۆ نمایشکردن نوسرابێت، بەڵام دەتوانین بڵێین هەمیشە قسەکان و هەڵوێستەکان بە تەواوی یەکانگیر دەبنەوەو هارمۆنییان تێدایە. (4)

کاراکتەرەکان « بەهەڕەمەکی و بەبێ ئاگایی خۆیان چەندین بیرۆکەی تەمومژاوی دەردەبــڕن»، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بیرۆکەی فەلسەفی دەردەبڕن. شانۆیی بەدحاڵی بوون «ئەوەندە بەچڕی پڕکراوە لە بیرۆکەی تەمومژاوی و نادیار و چەندین ئاستی چەندبارەی مانا کە لە کاریکاتێر نزیک دەبێتەوە، ڕاستیەک کە ڕەنگە شکستی نزیکی ڕێژەیی ئەم شانۆییە وەکو تراژیدییەک ڕوندەکاتەوە.» (5)

**بیرۆکەکان**

بیرۆکەی کامۆ برییتیە لە «فریادڕەسێکی سەرنەکەوتوو» کە شکست دەهێنێ لەبەرئەوەی نەبوونی توانای قسەکردن بە زمانێکی ڕوون بۆ ئەو

کەسانەی کە ڕزگاریان دەکات.» (5)

ئەم شانۆییە «تێکشکاندنی لەناوبەری خێزانێک کە ناتوانن لەگەڵ یەکدا پەیوەندی بگرن دەردەخات.» (6) جان گوێ ناداتە قسەی ژنەکەی (ماریا) کاتێ ئامۆژگاریی دەکات بە ڕوونی خۆی بناسێنێت. خوشکەکەی (مارسا) هیچ شتێک قبوڵناکات بێجگە لە پەیوەندیکردنێکی نا تایبەتی و نا تاکە کەسی. دایک زۆر شەکەتە و ناتوانێت وەڵامی ئاماژەکانی جان بداتەوە.

شانۆییەکە دژیەکییەک لە نێوان خۆشەویستی جان و ژنەکەی لەگەڵ نەبوونی خۆشەویستی لەلایەن خوشکەکەی و دایکییەوە دروست دەکات. خۆکوشتنی دایک کاتێ هەست بە تاوانەکەی دەکات، مارسا لە خۆشەویستی دایک بێ بەش دەکات کە ئەویش پێویستی پێیەتی، هەروەها ماریاش لە خواستی بۆ خۆشەویستی خودایی مەحروم دەبێت.

«یەکێک لە هەرە گرنگترین بیرۆکەکان برینییە لە مەحاڵبوونی بەدەستهێنانی بەختەوەریی.» (2) سەرەڕای سەرکەوتنی هاوسەرگیرییەکەی، جان ناتوانێت لە هەندەران بەختیار بێت، بەڵام خۆزگە دەخوازێت بگەڕێتەوە بۆ ناو خێزانەکەی و پێکەوە شادومان بن، هەروەها مارسا بە تاسەوەیە لە شوێنێکی دیکە بێت، دایک زۆر پێویستی بە ئاشتی هەیە، بەڵام هەموو ئەم ئارەزووانە لە مردندا دەبینرێنەوە.

بەدحاڵیبوونەکان و نەبوونی تێگەیشتن کە بەربەستە لەبەردەم ئەم ئارەزووانەدا، فەلسەفەی پوچەگەرایی کامۆ ڕوندەکەنەوە. ئەم سەختیانە شانۆکە دروستدەکەن: هەڵبژاردنی جان بۆ شاردنەوەی ناسنامەی خۆی، سووربوونی مارسا لەسەر نەریتە گشتییەکان و دوور لە پەیوەندییە تاکە کەسییەکان، خراپ لێکدانەوەی مارسا بۆ سوربوونی جان لەسەر مانەوە، وەڵامی شڵەژاوانەی ماریا بۆ ئیعتیرافە ساردەکەی مارسا، بێ باکی پیاوە پیرەکە.

کاتێ کامۆ لەساڵی 1958 دا پێداچونەوەیەکی کرد بۆ شانۆییەکە، ئەو چوار ڕووداوی زۆر کورتی زیادکرد یان گۆڕانکاری تێدا کرد، بۆ ئەوەی گۆڕانکاری بکات لە بێ باکی پیاوە پیرەکەدا تا بەجۆرێک کەسێکی خراپتر دەربکەوێت، بۆ نمونە ئەو سەرنجی مارسا بەلاڕێدا دەبات کاتێ ئەو نزیکە چێکی پاسپۆرتەکەی جان بکاتەوە. کامۆ هەوڵیداوە «کاریگەریی تاریکی مێتافیزیکی نەگۆڕاو چڕتربکاتەوە، کە لە دوا بڕگەی شەرمهێنەری شانۆییەکەدا:»هیچ کەس!» خۆی دەبینێتەوە. (2)

شانۆگەرییەکە دوژمنایەتیەک بۆ ئاین دەردەبڕێت، بەڵام هەروەها نیگەرانیەکی بەهێز لەخۆ دەگرێت لەگەڵ بیروباوەڕە ئاینیەکاندا، بە تایبەتی نمونەی (کوڕە وونبووەکەی) ناو ئینجیل. «کامۆ هەرگیز خۆی دانەبڕاندووە، لە وتوێژکردن لەگەڵ بیرمەندە مەسیحیەکاندا، بەڵام پەیوەندییەکی بارگرژی هەبووە، لەگەڵ ئاینی مەسیحیەتدا.» (7)

گەڕانەوەی جان لە خۆشبەختی ژیان لە ئەفریقاوە بۆ ماڵێک کە تیایدا سەردەبڕێت، خۆزگەی مارسا بەوەی لە کەنار دەریادا لەبەر تیشکی خۆر بێت، ڕەنگدانەوەی دژیەکیەکە لە نێوان باکوری ئەوروپاو ناوچەی دەریای ناوەڕاست، کە ئیلهامبەخشی هەموو کارەکانی کامۆیە. (2)

شتێکی زۆر سەرنجڕاکێشە کە بیرۆکەیەکی زۆر هاوشێوەی ئەوەی کامۆ لەلایەن ڕیستۆ کرلی، شانۆنوسی مەسەدۆنی، لە شانۆییەکەیدا (پارە مردنە) کە لە ساڵی 1938 دا نوسراوە، باس کراوە. (8)

**فەلسەفەی ئەم شانۆییە**

«دیمەن و داهاتووەکە تاریک و تەمومژاوییە» بەم شێوەیە کامۆ لە زاری یەکێک لە کاراکتەرەکانی ناو شانۆییەکەوە بیروباوەڕی پوچگەرایی خۆی دەردەبڕێت بەوەی «ئەم دنیایەی لەسەر دەژین هیچ مانایەکی نییە». (3) شانۆیی بەدحاڵی بوون جەخت دەکاتەوە لەسەر ئایدیای کامۆ بۆ پوچگەرایی. کرۆکی ئەم بیرۆکەیە ئەوەیە ئارەزووی مرۆڤ هەتا هەتایە لە ململانێدایە، لەگەڵ جیهانێکدا کە هەڕەمەکییەو نالۆژیکییەو نادادپەروەرییە. بیرۆکەیەکی سەرەکی ئەم شانۆگەرییە ئەوەیە ژیان جیاوازی ناکات، لە نێوان ئەوانەی ڕێگایەکی «خراپ» دەگرن، لەگەڵ ئەوانەی ڕێگایەکی «باش» دەگرن. لەدیدی کامۆوە دونیا بە شێوەیەکی یەکسان دڕندەو بێ بەزەییە، بۆ بێ تاوان و تاوانبارو ئەمەش برینییە لە پوچگەرایی بوون. (1)

لە شانۆیی «ئەفسانەی سیزیف»دا کامۆ «پوچگەرایی» وەکو ئەو هەستەی کە بەشێوەیەکی ڕادیکاڵی و توندڕەوانە لە دونیا جودا ببێتەوەو بەوشێوەیە بۆ هەردوو ئەوانی دی و خودی خۆشت ببێتە بێگانەیەک. هەستی ئەوەی بەبەردەوامی لە حاڵەتێکی غوربەت و دەربەدەریدا بژیت، نا ئومێدییەکی قوڵ یان بێ متمانەیی لەناو ئەفسانەکان و سیستمە جیهانیەکانی بیرکردنەوەدا بەرهەمدەهێنێت، کە گوایە ئەمانە ماناو مەبەست دەبەخشن بە بوون، بەڵام لە ڕاستیدا لە بەهای بوون کەم دەکاتەوەو تەنانەت مانای بوون ڕەت دەکاتەوە. (9)

هەرچەندە لەلایەن ژمارەیەک لە ڕەخنەگرانەوە ئەم شانۆییە وەکو کارێکی تەمومژاوی و ڕەشبینی تەماشادەکرێت، بەڵام کامۆ «بەدحاڵی بوون» بە کارێکی ڕەشبینگەرا لەقەڵەم نادات. ئەو دەڵێت:» کاتێ تراژیدییەکە تەواو دەبێت، شتێکی ناڕاست دەبێت گەر وا بیربکرێتەوە ئەم شانۆییە

پاساو دەهێنێتەوە بۆ تەسلیم بوون بە قەدەر، بە پێچەوانەوە ئەم شانۆییە بۆ ڕاپەڕین و تەنانەت ڕەنگە ئاکارێک بۆ دڵسۆزی لە خۆگرتبێت.

(1) ئەم شانۆییە ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆیە کە هەموو شتێک ڕووی نەدەدا، ئەگەر جان ئەوەی ئەنجامبدایە کە ژنەکەی لێی پاڕایەوە ئەنجامی بداث، یان ئەگەر مارسا وەڵامی پرسیارە تایبەتیەکانی جان-ی بدایەوە، یان ئەگەر دایک کوڕەکەی بهاتایەوە یادی کاتێ پرسیاری کوڕەکەی لێ کرا. (2) خێزانەکە لەڕێگای «شکستێ هێنان لە هەستکردن بەوەی بەهاکان لە دابڕندا گەشەناکەن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەدۆزرێنەوە. (6)

کامۆ خـودی خۆی تێبینی کردبوو کە ئەو خۆی شانۆییەکەی بە سەرنەکەوتوو لە قەڵەم دەدا لەبەر ئەو هۆکارە سادەیەی کە هەر یەکێک ئەو چاوی پێ کەوتووە پرسیاری لێ دەکەن مەبەستی چی بووە، ئەگەر ئەوان پێویستیان بوو پرسیار بکەن، ئەوا خودی شانۆییەکە ڕوون نییە، ئەو سەرکەوتوو نەبووە وەکو شانۆ نوسێک. (10)

### مێژووی نمایشکردن

(بەدحاڵیبوون) بۆ یەکەمجار لەسەر تەختەی شانۆی (Théâtre de Mathurins) لە 24 ی ئابی 1944 دا نمایشکراو مارسیل هیراند کاری دەرهێنانی بۆ شانۆییەکە کرد، هەروەها ڕۆڵی جـان-ی تێدا بینی و نمایشکردنەکە هاوکاث بوو لەگەڵ ڕزگارکرنی پاریسدا. (2) نمایشکردنی شانۆییەکە دوو وەرزی کورتی خایاند و هیچ کامیان سەرکەوتوو نەبوون. ئەوە یەکەمین شانۆیی کامۆ بوو نمایش بکرێت، هەرچەندە شانۆیی (کالی گۆلا) دوو ساڵ پێشتر نووسرابوو.

جەماوەری خەڵکی فەڕەنسا لەساڵی 1945 دا بەباشی ئامادە نەکرابوو

که مێتافۆڕێکی وەها چەند ڕەهەندی ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆی فەلسەفی لە نائامادەگی قەناعەتی لۆژیکی و ڕیالیزمی سایکۆلۆژیدا لە ئامێز بگرێت، بە کورتی وا هەست دەکرا شانۆییەکە بە دەرەرە لە لۆژیک. تۆنی تراژیدی و زمانی ئەدەبی بەرزو دەربڕینە شاعیرانەکەی ئەم شانۆییە هیچ قەرەبوویەمی تێدا نەبوو بۆ ئەو جەماوەرەی کە سور بوو لەسەر بیستنی- بە تایبەتی لەو ڕۆژگارانەدا لەسەر دەربڕینی ڕوون و بیری وورد. (4)

**سەرچاوە:**

http://en. wikipedia. org/wiki/The__Misunderstanding

**پەراوێزەکان:**

1.کریستۆفەر ویلیامز: بەدحاڵیبوون و کالی گۆلا: دوو شانۆیی ئەلبێرت کامۆ، لە وەرگێڕانی کریستۆفەر ویلیامز. چاپخانەی کنۆک لۆفتی، تاسمانیا، 2007. (1)

2.فریمان ئی. شانۆی ئەلبێرکامۆ: لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەگرانە. مێسوێن، لەندەن ، 1971.

3.لیڤێت کارڵ. « بەدحاڵیبوون» 3 نۆڤەمبەری 2009.

4.پینەرسن سی ئەلبێرت کامۆ، فریدریک ئونگار، نیو یۆرک، 1969

5.هۆپکینس پی «فریادڕەسی شکستخواردوی کامۆ: Le Malentendu", Rocky Mountain Review of Language and Literature، بەرگی 39، ژمارە 4 (1985)، لاپەڕەکانی 251–256 (2)

6.لیا سیمۆن « Cross Purpose» کۆمەڵگای کامۆ، 2012 .

7. ماری سی پی «دوبـاره لێکۆڵینەوە لە فۆرم و مانا لە شانۆیی بەدحاڵی بوونی کامۆدا»، نۆتینگهام بۆ لێکۆڵینەوە فەڕەنسیەکان، بەرگی 17، 1978، لاپەڕەکانی 60–73.

8. http://www.org.mk/struga-heritage/tekst.asp-lang=eng& tekst=52.htm

9. Kritzman, L.D., Reilly, B.J. & DeBevoise, M.B. The Columbia History Of Twentieth-Century French Thought, Columbia University Press, 2007, p465

10. Thody, Philip, cited by Marie 1978.

# ئەفسانەی سیزیف

**ئەلبێرت کامۆ**

**لە ئینگلیزییەوە: دانا تەیب مەنمی**

ئەفسانەی سیزیف، وتارێکی ئەفسانەییە کە لەلایەن ئەلبێر کامۆوە نوسراوە. ئەم وتارە لە 119 لاپەڕە پێکدێت و سەرەتا لە ساڵی 1942دا بە زمانی فەڕەنسی بەناوی (Le Mythe de Sisyphe) بڵاوکرایەوە، ساڵی 1955 لەلایەن یوستین ئۆبرین ((Justin O›Brien وەرگێڕدرا، بۆ سەر زمانی ئینگلیزی.

لە وتارەکەیدا کامۆ فەلسەفەی خۆی لەبارەی عەبەسییەت ((پوچگەرایی)) دەخاتەڕوو واتا: گەڕانی بێهودەی  مرۆڤ بۆ مانا، یەکێتی و ڕوونی لە ڕووی جیهانێکی پەرتەوازە بەبێ هەبوونی خوداو ڕاستیەو بەها نەمرەکاندا. ئایا درککردن بە پوچگەرایی پێویستی بە خۆکوشتن هەیە؟ کامۆ لە وەڵامدا دەڵێت: «نەخێر ئەوە پێویستی بە ڕاپەڕین و شۆڕشە». ئەو دواتر چەند شێوازێک بۆ ژیانی پوچگەرایی دەستنیشاندەکات.

چاپتەری کۆتایی وتاری پووچگەرایی، ژیانی مرۆڤ بەراورد دەکات بە حاڵەتی سیزیف، ئەو کەسایەتیەکی ئەفسانەی یۆنانییە، کە بە  هەمیشەیی نەفرەتی لێکراوەو سـزادراوە بەوەی هەمان ئەرکی بێمانای هەڵگرتنی بەردێک بۆ سەر شاخێک دوبارە دەکاتەوەو دواتر بەردەکە جارێکی تر دێتە خوارەوەو سیزیفیش بۆ هەمیشەیی ئەم کارە دوبارە دەکاتەوە. وتارەکە بەم وشانە کۆتایی دێت:» خەبات لە خودی خۆیدا بەسە بۆ پڕکردنی دڵی مرۆڤێک و پێویستە مرۆڤ سیزیف بە خۆشبەخت وێنا بکات».

ئەم کارەی کامۆ پەیوەندییەکی هەیە بە کارەکانی دیکەیەوە لە فەلسەفەی پوچگەرایی وەکو ڕۆمانی نامۆکە ساڵی (1942)، هەروەها شانۆییەکانی بەدحاڵیبوون ساڵی (1942)، کالیگولا ساڵی (1944)، وە بە تایبەتی وتاری یاخیبووە کە ساڵی (1951).

ئەم وتارەی کامۆ کە لەچوارچێوەی کتێبێکدا کۆکراوەتەوە، پێشکەشی پاسکاڵ پیا، کراوەو لە چوار بەش و پاشکۆیەکدا ڕێکخراوە.

**بەشی 1: پرۆسەیەکی بیرکردنەوەی لۆژیکی بێ مانایی**

کامۆ ئەرکی وەڵامدانەوەی ئەوەی ئەو بە تاکە پرسیاری گرنگی فەلسەفەی لە قەڵەمدەدات، لە ئەستۆ دەگرێت ئەویش ئەوەیە: ئایا درککردن بەبێ مانایی و بێ نرخی ئەم ژیانە، وەکو ئەنجامێکی لۆژییکی پێویستی بە خۆکوشتنە؟

کامۆ بە وەسفکردنی هەلومەرجی بێ مانایی دەست پێدەکات: زۆربەی ژیانی ئێمە لەسەر هیواخواستن بۆ سبەی بنیاتنراوە، بەڵام بەیانی زیاتر بەرەو لای مردنمان دەبات و سبەی کۆتا دوژمنە، خەڵک دەژین وەکو ئەوەی دڵنیا نەبن کە دەمرن، ئەم جیهانە ئەگەر لە ڕۆمانسییەتە باوەکەی دابماڵدرێت، ئەوا شوێنێکی نامۆو بێگانەو نامرۆڤانەیە، زانیاری ڕاست ئەستەمەو عەقڵانیەت و زانست ناتوانن ئەم جیهانە ڕوون بکەنەوەو چیرۆکەکانیان دواجار لە بیرۆدۆزی ڕووت و بێ ماناو خوازەدا کۆتایی دێت. «لەوساتەی بێ مانایی هەست پێ دەکرێت، ئەوە دەبێتە هەستێک کە لە هەموو شتێک نا ئومێدکەرو ئازار بەخشتر دەبێت.»

ئەوە نە جیهانەو نە نەمرۆڤە کە بێ مانان، بەڵکو بێ مانایی ئەو کاتە دەردەکەوێت کاتێ پێویستی مرۆڤ بۆ تێگەیشتن ڕووبەڕووی نالۆژیکی و

ناعەقڵانییەتی ئەم جیهانە دەبینێتەوە، کاتێ «هەست و تاسەی من بۆ ڕەهایی و بۆ یەکێتی» ڕووبەڕووی «بچووککردنەوەی ئەم جیهانە بۆ پرنسیپێکی عەقڵانی و لۆژیکیی» دەبینێتەوە.

ئەو دواتر وەسفی ژمارەیەک لە فەلسەفەکانی (هایدیگەر، جاسپێرز، شێستۆڤ، کێرکیگارد، هوسێرڵ) دەکات، کە هەوڵدەدەن وەسفی هەستی «پوچگەرایی» بکەن. کامۆ بانگەشەی ئەوە دەکات هەموو ئەم فەیلەسوفانە «خۆکوشتنی فەلسەفی» دەکەن ئەویش بەهۆی گەیشتن بە چەند ئەنجامێک کە پێچەوانەو دژن، لەگەڵ هەڵوێستی بنەڕەتی پوچگەراییدا، ئیدی بەوازهێنان بێ لە عەقڵ و وەرچەرخان بێت بۆ لای خودا، هەروەکو لە حاڵەتی شێستۆڤ و کێرکیگارد-دا، یان بە پیرۆز ڕاگرتن و بەرز ڕاگرتنی عەقڵ و دواجار گەیشتن بەشێوازە ڕۆحییە گەردوونیەکان و خودایەکی هەست پێ نەکراو، وەکو لە حاڵەتی هوسێرڵ-دا.

بەلای کامۆوە ئەوەی دەیەوێت پوچگەرایی بەشێوەیەکی جدی وەربگرێت و تا ئاکامە کۆتاییەکانی پەیڕەوی لێ بکات، ئەم «بازدان و گۆڕانکارییە کتوپڕانە» قەناعەت پێ هێنەر نین. وەرگرتنی عەبەسییەت بەشێوەیەکی جدی، واتا ئیعترافکردن بە دژییەکی نێوان ئارەزووی ژیریی مرۆڤ و نالۆژیکی جیهان. دواتر پێویستە خۆکوشتنیش ڕەتبکرێتەوە: بەبێ مرۆڤ عەبەسییەت ناتوانێت بوونی هەبێت. پێویستە لەگەڵ ئەم دژیەکییەدا ژیان بگوزەرێت، ژیریی و سنورەکانی بەبێ هیوای ناڕاست پێویستە ددانی پێدا بنرێت، بەڵام هەرگیز ناتوانرێت عەبەسییەت قبوڵ بکرێت: عەبەسییەت پێویستی بە ڕووبەڕووبوونەوە و شۆڕشی بەردەوام هەیە، لە کاتێکدا پرسی ئازادی مرۆڤ بە مانا مێتافیزیکیەکەی بەلای مرۆڤی عەبەسییەوە جێگای بایەخ نییە، ئەو بە مانایەکی زۆر کۆنکریتی ئازادی بەدەست دەهێنێت:

ئەو چیدی پەیوەست نییە، بە هیوای ئایندەیەکی باشتر یان نەمریی، بەبێ بوونی پێویستییەک بۆ بەدواداچوون بۆ ئامانجەکانی ژیان یان دروستکردنی مانا، مرۆڤی عەبەسی «چێژ لە ئازادییەک وەردەگرێت کە پەیوەستە بە یاسا گشتییەکانەوە.»

لە ئامێزگرتنی پوچگەرایی پێویستی بە لە ئامێزگرتنی هەموو ئەو شتانە هەیە کە جیهانی نالۆژیکی پێویستە بیبەخشێت. بەبێ بوونی مانا لە ژیاندا، هیچ پێوەرو تەرازوییەک بۆ بەهاکا بوونی نییە، «ئەوەی حسابی بۆ دەکرێت و گرنگە باشترین ژیان نییە، بەڵکو زۆر ژیانە.»

بەم شێوەیە، کامۆ لە ئیعترافکرنی تەواو بە پوچگەرایی دەگات بە سێ دەرئەنجام: شۆڕش، ئازادیی، هەست و سۆز.

**بەشی دووەم: مرۆڤی عەبەسی**

پێویستە مرۆڤی عەبەسی چۆن بژی؟ ئاشکرایە پێویست بە هیچ یاسایەکی ئینیکی ناکات یان جێبەجێ ناکرێت، چونکە هەموویان لەسەر هێزو دەسەڵاتە باڵاکان یان پاساوەکان بنیاتنراون.

«دەستپاکی پێویستی بە هیچ یاسایەک نییە.» ( هەموو شتێک ڕێگا پێدراوە) بریتی نییە لە تەقینەوەیەکی بەهاناوەچوون یان خۆشی، بەڵکو زیاتر دادان پێدانانێکی تاڵە بە ڕاستییەکدا.»

کامۆ دواتر بەردەوام دەبێت لە پێشکەش کردنی چەند نمونەیەک لە ژیانی پوچگەرایی. ئەو بە(دۆن جوان)، فریودەری بەردەوام کە بە تەواوی لە ژیانی سۆزداریدا دەژی، دەستپێدەکات. «هیچ خۆشەویستییەکی پیرۆز نییە، بەڵام تەنها ئەو خۆشەویستییە هەیە کە خۆی وەکو کورت خایەن و هەڵاوێردراو دەناسێنێت.»

نمونەی دواتر بریتییە لە ئەکتەر کە ژیانی کورت خایەنی بۆ ناوبانگی کورت خایەن نمایش دەکـات. «ئەکتەر ئەوە نمایش دەکـات، کە تا چ ڕادەیەک خۆنمایش کردن مرۆڤ دروست دەکات.» «لەو سێ کاتژمێرەدا ئەکتەرەکە گەشتێک دەکات بەناو ئەو ڕێگایەی کە کۆتاییەکەی مردنەو مرۆڤی بینەر تەمەنێکی پێ دەچێت هەتا پیادەی دەکات.»

نمونەی سێیەمی کامۆ دەربارەی مرۆڤی پوچگەرا بریتییە لە جەنگاوەری سەرکەوتوو، ئەو شەڕکەرەی کە دەستبەرداری هەموو بەڵێنەکانی نەمریی دەبێتەوە، بۆ ئەوەی بە تەواوی کاریگەریی هەبێت لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. ئەو لەجیاتی بیرکردنەوە کردار هەڵدەبژێرێت، ئاگادارە بەو ڕاستییەی کە هیچ شتێک ناتوانێت بەردەوام بێت و هیچ سەرکەوتنێک کۆتا سەرکەوتن نییە.

**بەشی سێیەم: دروستکردنی پوچگەرایی**

لێرەدا کامۆ لێکۆڵینەوە دەکـات لە دروستکەری پوچگەرایی یان هونەرمەند، لەبەرئەوەی ڕونکردنەوە مەحاڵە، هونەری پوچگەرایی سنوردارکراوە بۆ وەسفێک لە دەیان هەزار ئەزمون لە ژیاندا. «ئەگەر جیهان پاک و ڕوون و بێ خەوش بوایە، ئەوا هونەر بوونی نەدەبوو.»

دروستکردنی پوچگەرایی، بەدڵنیاییەوە، هەروەها پێویستە بە دوور بێت لە بڕیاردان بە گوێرەی هیوا، یان تەنانەت تێکەڵکردنی کەمترین سێبەری هیوا.

کامۆ دواتـر لەژێر ئەم ڕووناکیەدا لێکۆڵینەوە دەکـات لە کارێکی دیستۆفیسکی بە تایبەتی ڕۆژانەی نووسەرێک، شێتەکە، و برایانی کارامازۆڤ. هەموو ئەم کارانە لە هەڵوێست و پێگەی پوچگەراوە دەستپێدەکات، دوو

کاری سەرەتایان لێکۆڵینەوە دەکات لەبیری خۆکوژی فەلسەفی، بەڵام ڕۆژانەی نوسەرێک و کۆتا ڕۆمانی، برایانی کارامازۆڤ، لە کۆتاییدا ڕێگایەک بۆ هیواو باوەڕ دەدۆزنەوەو بەوەش شکست دەهێنن لەوەی دروستکردنی کاری ڕاستەقینەی پوچگەرایی بن.

**بەشی چوارەم: ئەفسانەی سیزیف**

کامۆ لەکۆتابەشدا تیشک دەخاتە سەر ئەفسانەی سیزیف کە دژایەتی خوداوەندەکانی یۆنانییەکانی کرد و مردنی زنجیرکرد بەشێوەیەک هیچ مرۆڤێک پێویستی نەدەکرد بمرێت. کاتێ دواجار مردن ڕزگارکراو کاتێ مردنی خودی سیزیف هات، ئەو فێڵێکی داهێنا کە لەو ڕێگایەوە لە دۆزەخ هەڵات و خۆی ڕزگارکرد، بەڵام لە کۆتایدا سیزیف دەستگیرکرا، خوداوەندەکان بڕیاریاندا سزاکەی بۆ هەمیشەیی بێت.

سزاکەی سیزیف ئەوە بوو پێویست بوو بەردێگی گەورە بۆ سەر لوتکەی شاخێک سەربخات، هەر کە گەیشتە سەر لوتکەی چیاکە، بەردەکە جارێکی تر دەهاتە خوارەوەو بەوەش دەبوایە سیزیف جارێکی تر دەستبکاتەوە بە ئیشەکەی خۆی و بۆ هەمیشە بەم شێوەیە سزا بدرێت. کامۆ سیزیف بە پاڵەوانێکی عەبەسی دەبینێ کە بە تەواوترین شێوە ژیان دەگوزەرێنێت، ڕقی لە مردنەو بەوەش نەفرینی لێکراوە بە ئەرکێکی پوچ.

کامۆ چەوساندنەوەی بێ کۆتایی و بێهودەی سیزیف وەکو خوازە (مێتافۆر)ێک بۆ ژیانی مۆدێرن کە بەسەر دەبرێت لە ئیشی پوچدا لە کارگەکان و ئۆفیسەکاندا، بەکاردەهێنێت. «کرێکاری ئەمڕۆ هەموو ڕۆژێک لە ژیانیدا، لە هەمانکاردا کاردەکات. ئەم چارەنوسە هیچی تر نییە، جگە لە پوچگەرایی، بەڵام ئەمە شتێکی تراژیدییە تەنها لە ساتە دەگمەنەکاندا کاتێ

شتەکە دەبێت بەوەی بە ئاگاییەوە ئەنجام دەدرێت.»

کامۆ شەیدای بیروباوەڕەکانی سیزیفە، کاتێک بەرەو خوارەوەی شاخەکە دەڕوات تاکو دەست بکاتەوە بە ڕۆیشتن بۆسەر شاخەکە. ئەمەش ساتە تراژیدیە ڕاستەقینەکەیە، کاتێک پاڵەوانەکە ئاگادار دەبێتەوە لە ڕەوشی بەدبەختی خۆی. ئەو هیوای نییە، بەڵام «هیچ چارەنوسێک نییە، کە ڕق بەسەریدا زاڵ نەبێت». بە ئیعترافکردن بەوەی ڕاستی بەسەر چارەنوسدا سەردەکەوێت، سیزیف هەروەکو مرۆڤی عەبەسی، بەردەوام دەبێت.

کامۆ پێیوایە کاتێک سیزیف ددان دەنێت بە پوچگەرایی ئەرکەکەیی و دڵنیابوون لە چارەنوسی خۆی، ئەو ئازاد بووە لە درککردن بە پوچگەرایی هەڵوێست و ڕەوشەکەی خۆی و گەیشتن بە حاڵەتێک لە ڕازیبوون و پەسەندکردن، بە ڕازیبوون بە هەبوونی لێکچوونێک لە نێوان ئۆدیپس، پاڵەوانێکی دیکەی نەفرەت لێکراوی ئەفسانەی یۆنانی، کامۆ لە دەرئەنجامدا دەڵێت: «لە ڕاستیدا هەموو باشن، کە مرۆڤ پێویستە سیزیف وەکو مرۆڤێکی کامەران وێنا بکات».

**پاشکۆ:**

وتارەکە پاشکۆیەک بە ناونیشانی «هیواو پوچگەرایی لە کارەکانی فرانس کافکا»دا لەخۆ دەگرێت، لە کاتێکدا کامۆ ددان دەنێت بەوەی کارەکەی کافکا، وەکو وەسفێکی دەگمەن وایە بۆ حاڵەتی پوچگەرایی، ئەو پێیوایە کە کافکا شکستی هێناوە لەوەی نوسەرێکی عەبەسی بێت، چونکە کارەکەی تروسکەیەک لە هیوا لەخۆ دەگرێت.

سەرچاوە:

http://en.wikipedia.org/wiki/The_Myth_of_Sisyphus

# «کەوتنی» کامۆ

**لە ئینگلیزییەوە: دانا تەیب مەنمی**

جین باپتیست کلامێنس دادوەرێکی تۆبەکارەو خزمەتگوزارییەکانی پێشکەش بە چەند کەسانێکی هەڵبژاردە دەکات، لەوانەی سەردانی ئۆفیسەکەی دەکەن، بارِی شاری مەکسیکۆ سیتی، لەسەر شۆستەی بەندەری شاری ئەمستردام. بریگرتەکانی نایەن بۆ شاری مەکسیکۆ سیتی بۆ دەستکەوتنی خزمەتگوزارییەکانی، ئەو متمانەی خۆی دەبەخشێت بەو کەسانەی هەڵی دەبژێرێت.

بەڵام دادوەرێکی تۆبەکار چیە؟ ئەمە زۆر ئاڵۆزە تەنانەت بەشێوەیەکی ئەنقەست تۆزێ نارِوونە، تۆزێک دژیەکە. دادوەرێکی تۆبەکار پەیوەندی هەیە بە هەردوو ناوەرِۆک و فۆرمەوە.

ئەوە وەکو جۆرێکە لە تێکەڵکردنی «رِەخنەگرە گەورەکە»ی دیستۆفسکی و «سوپەرمانەکە» ی نیتچەو «بوونگەرایی» لای هایدگەرو سارتەر.

سەراپای کتێبەکە بریتییە لەشێوازی گێرِانەوە لە زاری کەسی یەکەم و کلامێنس تاکە قسەکەرە. کتێبەکە بریتیە لە مۆنۆلۆگ (لە بەرخۆوە دوان) ێکی ماوە پێنج رِۆژی بۆ دواترین......- دواترین چی؟ قوربانی؟ بریگرتە؟ خوێندکار؟ تۆبەکار؟ هاندەر؟ دەستپێکەر؟ ئەوە زیاتر پشت دەبەستێت بە دەرئەنجامەکە نەک پرۆسەکە.

بە هەمانشێوە کلامێنس-ی دادوەری تۆبەکار سەرەتا چیرۆکی خودی خۆی و گوڵبژێرێک لە ژیانی خۆی بۆ رِونکردنەوەی چەند شتێک- گەرِانی

بە دوای مانادا، پرۆسەی قەیرانی ژیانی ئەو، هەڵکشان و داکشانی (بە ئـارەزووی خۆت هەڵیبژێرە) لە ژیانی ڕۆژانـەوە هەتا ڕۆڵی دادوەرێکی تۆبەکار دەگێڕێتەوە.

کڵامێنس پارێزەرێکی تاوانبارو پارێزەرێکی باش بوو. ئەو بە وریاییەوە ئەو بریگرتانەی خۆی، کە چەندین هۆکاری باش لەبەردەستدان کە وای لێ دەکات باوەڕ بکات ئەوانە تاوانبارن بە تاوانی کوشتن، هەڵدەبژارد.

ئەو دواتـر لێهاتوویی خۆی و بەربەست و کەلێنە یاساییەکانی هەڵدەبژارد، بۆ ئەوەی کوشتنەکان بسڕێتەوە و تاوانبارەکان ئازادبکات. ئەو بەپێی زۆربەی ستاندارده مرۆڤایەتیەکان کەسێکی سەرکەوتوو و دەوڵەمەند، بەڕێز (ئەگەریش تۆزێک بە نامۆ تەماشا بکرێت) ڕۆشنبیر، خۆش مەشرەب، پیاوێکی زۆر سەرکەوتوو لەنێوان ژناندا لە هەموو ئاست و چینەکاندا تەماشا دەکرا. دواتر ئەو دەستدەکات بە بیستنی پێکەنین چەند دەنگێک بە قاقا و جۆرێک لە پێکەنینی گاڵتەجاڕی، بەڵام هێشتا ناتوانرێ هیچ کەسێک لەنزیکی ببینرێت. ئەو تەنانەت دەستی کردبوو بە دروستکردنی ئەم پێکەنینە، بۆ پرسیارکردن تەنانەت لەناو ناخی خودی خۆیدا.

شەوێکیان ڕووداوێکی چارەنوسساز ڕویدا کاتێ ئەو بە درێژایی پردێک لە ناو شاری پاریسدا پیاسەی دەکرد. دوای ئەوەی بەلای ئافرەتێکدا تێپەڕی ئەو گوێی لێبوو ئافرەتەکە خۆی هەڵدایە ناو ڕوباری سینەوە، لە کاتێکدا ئەو ڕاڕابوو لە ڕزگارکردنی و بیری لەوە دەکردەوە، ئەو بەردەوام بوو لە پیاسەکردن. ئەو تەنانەت چەند ڕۆژێک دواتریش خۆی لە ڕۆژنامە خوێندنەوە دورخستەوە، بۆئەوەی ئەنجامەکە بزانێت.

پێکەنینە سەیرەکەو هەست بە تاوان کردن لەبارەی ئافرەتەکەوە وای لێکرد سەراپای ژیانی بخاتە ژێر پرسیارەوە.

ئەو شتە سەرەکیەی ئەو فێری بوو بریتی بوو لەوەی کە بە پێچەوانەی یاسا یان ئۆپی پێ، یان ئێنسەوە ژیان لە خودی خۆیدا هیچ یاسایەکی نییە، بەوەش بێ ئاوانی تەواو هیچ مانایەکی نییە، بۆ وەستانی پێکەنینەکەو هەستکردنەکەی بە ئاوان، ئەو سەرەتا دەبوو ئەم جیهانە پڕ ئازادییە لە ئامێز بگرێت، بۆئەوەی ماناو بێ دەنگی و ئاشتی بۆ ژیانی خۆی بگێڕێتەوە، ئەو پێویست بوو ببێتە دادوەرێکی تۆبەکار بۆ کەسانی تر، بۆ ئەو مەبەستەش لە شاری مەکسیکۆ سیتی دەستبەکاربوو.

من بۆم دەرکەوت ئەم ڕۆمانە بەشێوەیەکی زیرەکانە نوسراوە.بەشێکی گرنگی پەیامە فەلسەفیەکەی ئەم ڕۆمانە بریتییە لەوەی زانیاری مرۆڤ لەسەر هەردوو مانای ژیان و سروشتی «باشە» دوورترە لە هەر زانیارییەکی وردی مـرۆڤ. بگرە زۆر ڕێگای ئێدەچێت، کەسی ڕۆشنبیر لە دیدی کڵامێنس کامۆوە دەبێت دژیەک و نا دڵنیاو نیگەران ، لەگەڵ مەترسی هەڵەکردندا.

ئەوە وەکو شتێکی سەخت سەیردەکرێت و ڕەنگە ببێتەهۆی ئەوەی میکانیزمی هەڵاتن لەو بەشەی ئێمەی مرۆڤی سادەدا بۆ دڵنیایی بگۆڕێت.

کڵامێنس نمونەیەکی زیندووی ئەمەیە. ساڵانی سەرەتای ژیانی چەند هەوڵێکی جدی بوون، بۆ ئەوەی ژیانێکی پڕ مانای ڕوون و یاسا ڕەها بژی، بەڵام لە ناوەڕاستی تەمەنیدا دەستیکرد بە دروستکردنی گومان لەسەر زانستی بوون و ڕەشبینی ئاکاری. بژاردەکانی ئەو ڕەنگدانەوەی ئەو نیگەرانی و غوربەتەیە کە ئەو دواتر لە بیرۆکەکەیدا خستیەڕوو و ئەم کردارانەش زۆرجار دژیەک و مەتەڵئامێزن لە ڕاستیدا ئاماژەیەکە بۆ یەکگرتن ڕووەو نائومێدییەکەی ئەو.

لە شیکارییەکی جین پۆڵ سارتەردا، بۆ ئەم ڕۆمانە ئەو پێیوایە ئەمە

باشترین ڕۆمانی کامۆیە، ئەو مشتومڕی ئەوەیەتی کە لەڕاستیدا کڵامێنس بریتیە لە کامۆ، ڕۆمانەکە بریتیە لەوەی کە من لەسەرەوە باسمکرد و بریتییە لە «ئیعترافی» تایبەتی کامۆ، بۆ ئەو جیهانەی ئەو کێیەو کارەکەی باسی چی ئەکات.

من هیچ هەڵسەنگاندنێکم نییە، لەبارەی ئەم ئەگەرەی سارتەرەوە. بەڵام لانیکەم ئەم ڕۆمانە وا دەردەکەوێت تەبایە لەگەڵ هەوڵەکانی کامۆ بۆ متمانەو میسداقییەتی تاکە کەسی و هاندەری ئەو بۆ هاوبەشی پێکردنی ئەم بۆچوونە لەگەڵ کەسانی دیکەدا.

بەدرێژایی ڕۆمانەکە چەند شوێن و دیمەن و بۆچوونێکی تێدایە کە زۆر سەرنجڕاکێش و دەوڵەمەندن و لە خوارەوە کۆمێنت لەسەر چەند دانەیەکیان دەنوسم:

به بۆچوونی کڵامێنس مرۆڤ دوو هاندەری سەرەکی هەیە:

- ڕووەو شتەکانی بیرکردنەوە.
- ڕووەو هەست و سۆز بە تایبەتی سێکس.

ئەو دوو هاندەرە پێکەوە بەشێوەیەکی گونجاو وەسف و پێناسەی مرۆڤایەتی دەکەن.

« هەمیشە وادیارە بەلای منەوە کە هاوڵاتیەکانمان دوو هەستیان هەیە: بیرۆکەکان و سێکس کردن...تاکە ڕستەیەک بەسە بۆ پیاوی هاوچەرخ: ئەو جووت بوو و ڕۆژنامەکەی خوێندەوە.»

وێنایەکی ناو ڕۆمانەکە زۆر سەرنجی ڕاکێشام کە کڵامێنس بەکاری دەهێنێت، بۆ ئەوەی چۆن کۆمەڵگا بە بێدەنگی و بەردەوامی و بەتوندی ئازادی تاکی مرۆڤ دەدزن. ئەو ئەم پرۆسەیە دەشوبهێنێت بەو گازە بچوکانەی ماسییەکی ڕەنکراوە لە قوربانیەکی دەگرێت.

بەدڵنیاییەوە باسی ئەو هەزاران ماسییە بچوکانەی ناو ڕوبارەکانی بەرازیلت بیستووە کە هێرش دەکەنە سەر مەلەوانێکی کەمتەرخەم و بە گازە بچوکەکانیان لە ماوەی چەند خولەکێکدا دەیخۆن و تەنها ئێسکەکانی دەهێڵنەوە؟ زۆرباشە ئەوە شێوازی ڕێکخستنی ئەوانە.» ئایا تۆ ژیانێکی پاکی باشت دەوێت؟ هەروەکو هەموو کەسانی تر؟» تۆ بەدڵنیاییەوە دەڵێی بەڵێ. چۆن کەسێک دەڵێت نەخێر؟ چاکە تۆش لەپەڕوپۆ دەخرێیت. ئەوە سەرنجێک ئەوە کارێک، خێزانێک، چالاکی ڕێکخراوی کات بەسەربردن.» ماسییە بچوکەکە ڕاستەوخۆ هێرش دەکاتە سەر گۆشتەکەو بەدڵنیاییەوە هەتا سەر ئێسقان ناوەستێتەوە، بەڵام من نادادپەروەرم. من پێویست نەبوو بڵێم ڕێکخراوەی ئەوان وایە. دواجار ئەوە سیستمی پێکهاتەکەی ئێمە وایە: پرسیارەکە ئەوەیە کێ ئەوی تر دەخوات.»

بەشێک لە ڕۆڵی دادوەری تۆبەکار برێتییە لە تەحەداکردنی خەڵکانی ئامانجی خۆی بۆ گۆڕینی ژیانیان ڕووەو ئەوەی کە بوونگەرایی ناوی دەنێت ڕاستگۆیی. بەشێک لەوە برێتی دەبێت لەوەی ڕاستگۆ بیت سەبارەت پەیوەندی نێوان کەسەکان. کلامێنس مشتومڕی ئەوەیەتی لەکاتێکدا مرۆڤ بەشێوەیەکی فەرمی کۆیلایەتی قەدەغەکردووە(لانیکەم لە ڕۆژئاوا)، ئەوەی لە ئەنجامدا ئێمە کردمان برێتییە لە گۆڕینی فۆرمی کۆیلایەتی و ڕوپۆشکردنیەتی بە هەندێک بەفر کە پێکهاتەی کێکەکە لەژێرییەوە دەشارێتەوە.

ئەو تەنانەت ددان دەنێت بەوەی بوونی کۆیلایەتی، بەڵام ناونەهێنانی بەو شێوەیەو تەنانەت نکۆڵی لێکردن و پیرۆزبایی کردن لە خۆمان بۆ ئەم پێشکەوتنە «سودبەخشە». ئەمەش دوو دەرئەنجامی لێدەکەوێتەوە:

1. ئەوە ویژدانی «خاوەن»ی کۆیلەکان ئاسودە دەکات و دڵنەواییان دەکات.

2. زۆرجار گێژاوی نەبوونی کۆیلایەتی، تەنانەت بەشێوەیەکی گشتی، لەلایەن کۆیلەکان خۆیانەوە لەناو خۆیاندا باس دەکرێت، لانیکەم هەندێک لەهەستی هیوای «درۆ»، یان پێ دەبەخشێت.

دواتر، تەنها لەنێوان خۆمانداو واباشترە بە بزەیەکەوە باسی بکەین، ناتوانرێت خۆمانی لێ لابدەین و هەردەبێت ببێت، بەڵام پێویستە ئیعترافی پێ نەکەین. ئایا وا باشتر نییە کە هەر کەسێک ناتوانێت کۆیلەی نەبێت ناویان لێ بنێت مرۆڤی ئازاد؟ بۆ ئەوەی وەکو بنەمایەک دەست پێ بکەین و دووەمیش بەرەو نائومێدییان نەبەین. ئێمە قەرزاری ئەو قەرەبوکردنەوەی ئەوانین، وا نییە؟ بەوشێوەیە ئەوان بـەردەوام دەبن لەوەی پێبکەنن و ئێمەش درێژە دەدەین بە نیازپاکی خۆمان.»

سارتەر بانگەشەی ئـەوەی کـردووە ئەم ڕۆمانە لێکۆڵینەوەیەکی زیرەکانەی دیـاردەو ڕووداوەکانی مرۆڤەو بە تایبەتی ددان پێدانانێکی ڕاستەقینەی کامۆیە. لەو ڕووەوە ئەو پاسیجەی خوارەوە شیاوی ئەوەیە بەهەند وربگیرێت:

«دوای توێژینەوەیەکی دوورو درێژ لەسەر خۆم، هەرچەندە ڕەنگە وانەبێت، من سەرەکیترین فێڵی مرۆڤم دەرخست. دواتر بۆم دەرکەوت، وەکو دەرئەنجامێکی ڕۆچوون و لێکۆڵینەوە لە ناو یادەوەریم دا، کە سادەیی و خۆبەزل نەزانین یارمەتیدام بگەشێمەوە، سەربکەوم و چاکە یارمەتی دام ستەم بکەم. من ڕاهاتم بەشێوازی ئاشتیانە شەڕ بەرپابکەم، لە کۆتاییدا لەڕێگای هۆکاری بابەتیانەو شێوازی بێ لایەنانە، هەرچی شتێک ویستم بەدەستبهێنم، بۆ نمونە من هەرگیز گلەیم نەکردووە یادی ڕۆژی لەدایک بوونم پشتگوێ خراوە، تەنانەت سەبارەت بە پشتگوێ خستنی ئەم بابەتە لەلایەن خۆمەوە خەڵک تووشی سەرسوڕمان و ئاڕادەیەک ئامەزرۆیی بوون،

بەڵام هۆکاری گوێ پێنەدانەکەم تەنانەت زیاتر ژیرانەتر بوو: من خۆزگەم دەخواست بیربچمەوە، بۆئەوەی بتوانم گلەیی لە خۆم بکەم. چەند ڕۆژێک پێش ئەو ڕۆژە بەناوبانگە (کە من زۆر باش دەمزانی ئەو رۆژە چی ڕۆژێکە) من لە ئامادەباشیدا بووم و پەرۆش بووم نەهێڵم هیچ شتێک ڕوونەدات کە ڕەنگە سەرنج و یادەوەری ئەوانەی لەسەر بێ ئاگایی ئەوان من حسابی خۆمم کردبوو (ئایا جارێکیان ئەوەندە دوور ڕۆیشتم بەوەی ئێڕابمێنم لە بەهەڵەدابردنی ڕۆژژمێری هاوڕێیەکم؟) جارێکیان تەنیاییەکەم بە تەواوی سەلما، توانیم تەسلیمی ئەفسونی بەزەیی پێداهاتنەوەیەکی پیاوانە بە خودی خۆمدا ببم.

من ئەم تێبینیانە بە سێ لاپەڕەی نزکی کۆتایی کتێبەکە دادەخەم کە تیایدا گریمانەیەکی ڕەخنەگرانەو بارگرژییەک چارەسەرکرا.

ئەزمونی تاوان کە لە ڕێگای ڕۆڵ و ڕێنمایی دادوەری تۆبەکاری ناو ڕۆمانەکەوە پێی گەیشتم، بریتیە لە ڕێگای ئازادی و ڕاستی، لە هەمانکاتدا ئەم مەتەڵە بۆ من هەیە، لەبەرئەوەی کەسێکی دیکە دادوەری تۆبەکار ڕابەرایەتی کەسانی دیکە دەکات، بۆ ئەم ڕاستی بوونە ئایا کەسەکە ئێتر نێر بێت، یان مێ دەگات بە ئازادی خۆی. یان ئایا کەسەکە دەبێتە کۆیلەی کلامێنس/ کامۆ/ بوونگەراکان؟

من بەدرێژایی 36 ساڵ لە وتنەوەی فەلسەفە من لەگەڵ ئەم بابەتەدا زۆرانبازیم گرتووە. من هەرگیز خۆم وەکو دادوەرێک، یان تۆبەکارێک وەسف ناکەم (لە هەر جیهانێکی تایبەتیدا، تەنانەت لەوانە وتنەوەشدا)، بەڵام بەدڵنیاییەوە من لە دڵی خۆمدا هەردووکیان بووم، هەروەکو کلامێنس من دەمویست تەحەدای کەسانی دیک بکەم و بگرە لەبەری ئەوەی «دانانی دوکانێک» لە شاری مەکسیکۆ سیتی، یان وەکو قەشەیەکی پاریش

(ناوچەیەک کە قەشەیەک خزمەتی تێدا دەکات) من شوێنی ڕوودانی تاوانی ژووری پۆلێکم هەڵبژارد، ڕەنگە تەنانەت ئێستاش لە خانەنشینیدا، ئەم فەزا ئەلکترۆنییەی وێب سایتەکەم، بەڵام ئایا دادوەرێکی تۆبەکار ئیلهام بەخشی چی دەبێت، یان چی بەرهەم دەهێنێت؟ ئازادی و ڕاستی لە ئەوی تردا، یان لە کۆیلایەتی زیرەکانەی ئەوەی کلامێنس باسی لێوە دەکات؟

پاسیجە تەحەدا ئامێزەکەی کامۆ ئەمەی خوارەوەیە:

هەرگیز هیچ پاساوێک بۆ هیچ کەسێک نییە، سەرەتا ئەوە پرنسیپی منە. من نکۆڵی دەکەم لە نپاڕپاکی، هەڵەی بەڕێز، کردەوەی هەڵەشە، بارودۆخی سوککردنی سزا لەسەر تاوانباران، لەگەڵ مندا هیچ بەخشینێک لە تاوان، بەزەیی نییە، بە سادەیی هەموو شتێک کۆدەکرێتەوە: دواتر:» شتی زۆری دیکەش دێت: تۆ کەسێکی خراپەکار، شەهوانی، درۆزنێکی زگماک، هۆمۆسێکسواڵیت، هونەرمەندێکیت، هتد.» تەنها وەکو ئەوە. هەروەکو بێ هەستێک، لە فەلسەفەدا هەروەکو لە سیاسەتدا.

من لەگەڵ هەر بیردۆزێکدام کە ڕەتی دەکاتەوە بێ تاوانی ببەخشێت بە مرۆڤ، لەگەڵ هەر پراکتیکێکدا کە وەکو تاوانبار مامەڵەی لەگەڵدا بکات. تۆ من لە زۆر گرانبەهاو پشتیوانێکی ڕوناکبیری کۆیلایەتیدا دەبینیتەوە. بەبێ کۆیلایەتی، لەڕاستیدا، هیچ چارەسەرێکی کۆتایی لەئارادانییە. من هەر زوو درکم بەمە کرد. جارێکیان، من هەمیشە باسی ئازادیم دەکرد: ڕاهاتبووم ئازادیم لەسەر نانی بەیانیم بڵاودەکردەوە، ڕاهاتبووم بە درێژایی ڕۆژ ئازادیم دەجوییەوە، لەناو کەسانی تردا بەخۆشییەوە هەناسەکەم بۆنی ئازادیی لێدەهات. بەو کلیلی وشەیە (ئـازادی) من بە دەستێکی پۆڵاین دەکێشم بەسەر هەر کەسێکدا دژایەتیم بکات، من ئازادیم بەکارهێنا تا خزمەت بە ئارەزوو و دەسەڵاتم بکات.

من لەناو جێگای نوسنندا ئازادیم چرپاند بەگوێی هاوڕێ نوسنووەکانمدا و ئەوەش یارمەتی دام لە خەویان هەڵبستێنم. من بە هێواشی ئازادی دەجوڵێنم..تچک! تچک! من هەست بە وروژانــدن دەکـەم و هەموو هەستێکی هەڵسەنگاندنی گرنگی شتەکان لەدەست دەدەم. دواجار من لە هەندێک بۆنەدا هەندێ بەکارهێنانی بابەتیانەی دیکەی ئازادی بەکاردەهێنم و تەنانەت تەنها وێنای نەفامی من بکە یەک دوو جار بەرگریم لە ئازادی کرد بەبێ ئەوەی ئەوەندە دوور بڕۆم لە پێناویدا بمرم، بەڵام هەرچۆنێک بوو چەند ڕیسکێکی کەمم ئەنجامدا. پێویستە بۆ ئەو کردەوە هەڵەشانە لێم ببوردرێت، من نەمدەزانی چی دەکەم. من نەمدەزانی کە ئازادی خەڵاتێک یان ڕازاندنەوەیەک نییە، کە لەگەڵ شامپانیادا ئاهەنگی بۆ بگێڕدرێت، هەروەها خەڵاتێکیش نییە، سندوقێک لە خواردنی بەتام کە واتـ لێبکاتـ هەردوو شەویلگت بلێسینەوە. ئۆ نەخێر بە پێچەوانەوە ئازادیی پێشبڕکێیەکی درێژخایەنی تەواو تەنیا و ماندوکەرە. بەبێ شامپانیا، بەبێ ئەو هاوڕێیانەی کە پەرداخەکانیان بۆت بەرزدەکەنەوە کاتێ بە خۆشەویستیەوە تەماشات دەکەن، بە تەنیا لە ژوورێکی دوژمنکارانەدا، بە تەنیا لەناو قەفەزی بەندیدا لە پێش دادوەرەکاندا، بە تەنیایت بۆ بڕیاردان لەبەردەم کەسێکدا یان لەبەردەم بڕیاری کەسانی دیکەدا، لە کۆتایی هەموو شتێکدا ئازادی بریتییە لە بڕیاری دادگا، لەبەرئەوە هەڵگرتنی ئازادیی زۆر قورس و سەختە، بە تایبەتی کاتێ تۆ خەریکە بە تایەک دەکەویت، یان لە کێشەدایت یان کەست خۆش ناوێت.

ئاخۆشەویستم، بۆهەر کەسێک کە بە تەنیایە بەبێ خوداو بەبێ فەرمانڕەواو سەرکردەیەک، قورسایی ڕۆژگار سەخت و ناخۆشە.

لێرەوە پێویستە کەسێک سەرکردەیەک، خوا بۆخۆی هەڵبژێرێت پێش

ئەوەی باوی نەمێنێت، لەپاڵ ئەوەشدا وشەی ئازادی مانای خۆی وون کردووە، ئازادیی ئەو نرخەی نییە کە  کەسی بۆ بخەینە ترس و تۆقاندن و کێشەو شۆکەوە.

ڕۆمانی کەوتن لە نوسینی: ئەلبێرت کامۆ
ناونیشانی ڕۆمانە بە زمانی فەڕەنسی:  La Chute
ژمارەی لاپەڕەکان: 147 لاپەڕە
وەرگێڕانی لە فەڕەنسیەوە بۆ ئینگلیزی: یوستین ئۆبرێن - ساڵی 1956 لە نیویۆرک، لە چاپخانەی Vintage لە چاپ دراوە.
کۆمێنت و شرۆڤەی: بۆب کۆربێت ساڵی 2003
ئیمەیڵ: corbetre@webster.edu

**سەرچاوە:**

http://www2.webster.edu/~corbetre/personal/reading/camus-fall.html

# خوێندنەوەیەک بۆ «یاخی» کامۆ

شۆن میللەر
لە ئینگلیزییەوە: دانا تەیب مەنمی

**بەشی یەکەم: مرۆڤی یاخی**

یاخی بوون چی دەگەیەنێت؟ بۆ ئەوەی بژین واتا بوونمان بەهایەکی پۆزەتیڤی هەبێت. یاخی بوون واتا ئێمە شتێک لە کۆمەڵگای مرۆییدا بەرزدەنرخێنین. بەم شێوەیە کەسی یاخی هەمیشە بەرەوشتە، بەڵام داکشانەکە ئەوەیە ئەم بەهایانە «دەدرێن». ئەم کتێبە باسی سیاسەت و ئەخلاق دەکات. کەسێک دەبێت بە فەلسەفەی کامۆ ئاشنا بێت، بۆ ئەوەی لەم کتێبە تێبگات.

ئەوە یاخیبوونێکی مێتافیزیکیە ئەمە شۆڕش نییە، شۆڕشەکان پلانیان بۆ دادەڕێژرێت. یاخی هیچ پلانێکی نییە، ئەو تەنها ڕەفتاردەکات. وا هەستدەکرێت ئەم کتێبەی کامۆ بەردەوامیدانە بە کتێبی «ئەفسانەی سیزیف». لێرەدا ئەو بە کورتی باسی یاخی بوون دەکات، لەبەرئەوەی یاخی تەنها ڕەفتار دەکات، ئەو بە چ ئاراستەیەکدا دەجوڵێت؟ وێنای بکە ئەگەر ئەگەر هیچ ماناو مەبەستێک نەبوایە. دواتر چی؟ خۆکوشتن؟ کوشتن؟ نهێلیزم؟ کامۆ لەگەڵ یاخیبووندایە. بۆچی ئەوە وایە؟ چونکە گەردوون و خودی ژیان خۆی هیچ و بێ مانایە. ئایا ئەتوانین ئەمە بسەلمێنین؟ نەخێر، بەڵام هێشتا من ئەتوانم کاری لەسەر بکەم و پیشانی بدەم بۆچی ئەوە بیروباوەڕی «ڕاستە». چۆن ئەمە جێبەجێبکەم؟ بە یاخیبوون هەموو بیروباوەڕەکان وەکو ئەو وایە هەموو بیروباوەڕەکان و بیرۆکەکان، وەکو یاخی بوونێک دەستپێدەکەن و بەسەختی هەوڵدەدەن، بۆ ئەوەی بناسرێن، بەڵام هیچ هۆکارێک لە پشت ئەمەوە نییە.

هیچ بنەمایەکی حساب بۆ کراو لەئارادا نییە، ئەوە هەوڵێکی کوێرانەیە، بۆیە مرۆڤی یاخی، تەنها دەتوانێت لەناو خودی خۆیدا هۆکارەکان بدۆزێتەوە، نەک لە جیهانی دەرەوەی خۆی. ئەوە بریتییە لەو هەستەکەی کە «من ڕاستم» هێڵێکی سنوری دروستدەکات، کە بەزاندنی ئەم سنورە بریتییە لە «نەخێر» و تابۆیەک. بەبێ دەنگی مانەوە یەکسانە بە لە دەستدانی ئەم سنورە. تێبینی بکە ئەوە تەحەمول کردنی نییە، بەڵکو لە ڕاستیدا لەدەستدانیەتی. کامۆ دەڵێت:» لەگەڵ یاخی بووندا هۆشیاری لەدایک دەبێت» (لاپەڕە 15)، لەگەڵ ئەم یاخی بوونەدا ئەو بەهایە وەردەگرێت (هەرچەندە ئەو بەهایە سەرچاوەکەی ناخی خۆیەتی)و بۆی دەژی. ڕەنگە بۆشی بمرێت، لەگەڵ یاخی بووندا.

ئەوە گۆڕانکارییەکە لە وەسفکردنەوە بۆ ئاسایی بوونەوە پێش ئەوەی ڕەوشت هەبێت، یاخی بوون هەیە. پێش ئەوەی سیاسەت هەبێت، یاخیبوون هەیە. پێش ئەوەی بەها هەبێت، یاخی بوون هەیە. مرۆڤی یاخی شتێک دەدۆزێتەوە بینرخێنێت تا ئەو شتە بەنرخ بێت، لەبەرئەمە پێش ئەوەی میتافیزیکا هەبێت، یاخی بوون هەیە. ئایا دەکرێت لە جیهانێکی بێ مانادا بەها بدۆزرێتەوە؟ ئەوەش ئەو شتەیە کە یاخی دەیەوێت ئاشکرای بکات. بەو هۆیەوە لە ئەفسانەی سیزیفدا، وتارەکەی بەوە دەستپێدەکات کە تەنها یەک کێشەی ڕاستەقینەی فەلسەفی لەئارادایە، ئەویش بریتییە لە خۆکوشتن، لەگەڵ ئەم بەهایانەدا یاخی ئەوەندە بە قوڵی بایەخ بە ئەم بەهایانە دەدات، بە توندی دەیان چەسپێنێت کە ئەو باوەڕی وایە ئەم بەهایانە ئێستا لە کەسێتی خۆی گرنگترە، لەبەرئەوە ئەو بۆ ئەم بەهایانە شەڕ دەکات، چونکە ئەو پێیوایە ئەم بەهایانە لە خۆی گرنگترن، بەڵام یەک شت هەیە پێویستە تۆ قبوڵی بکەیت: هیچ سروشتێکی مرۆیی بوونی نییە، ئەگەر

سروشتێکی مرۆیی هەبوایە، تۆ نەتدەتوانی یاخی ببیت، هەروەکو کامۆ دەڵێت:» شرۆڤەکردنی یاخیبوون لانیکەم ئەو گومانەی لێدەکەوێتەوە، کە بە پێچەوانەی بیردۆزە باوەکانی فیکرەوە، سروشتی مرۆڤ بە دڵنیاییەوە بوونی هەیە، هەروەکو یۆنانیەکان باوەڕیان وابوو. بۆچی یاخیبوون بکرێت، ئەگەر هیچ شتێکی هەمیشەیی لە کەسێکدا بوونی نەبێت کە شایستەی پاراستن بێت؟» (لاپەڕە 16)

ئێمە لە ڕێگای یاخی بوونەوە یەکدەگرین. کامۆ دەڵێت:» بۆ ئەوەی هەبین، پێویستە مرۆڤ یاخی ببێت» و «من یاخی دەبم کەواتە ئێمە هەین» (لاپەڕە 22). ئەمە ڕق وکینە نییە. ڕق هەڵگرتن و ناڕەزایی دەربڕین شتێکی خاوە. یاخیبوونەکان خێراو پێشبینی نەکراون. کەسی ڕقهەڵگر ڕقی خۆی دەخواتەوە. کەسی یاخی ئایدیاکانی خۆی بەسەر کەسانی دیکەدا دەسەپێنێت، بەم شێوەیە یاخیبوونەکان زۆر لە ڕق هەڵگرتن و ناڕەزایی دەربڕین گەورەترن.

یاخی وادەکات خەڵک سەبارەت بە ئازادیی خۆیان هۆشیاربنەوە. سارتەر هەڵەبوو. ئاگاداربوون لە ئازادیی خۆت ئـازاد ناکات، یاخی واتلێدەکات درک بەوە بکەیت کە تۆ ئازادیت.

## بەشی دوو یاخیبوونی مێتافیزیکی

یاخیبوونی میتافیزیکی چیە؟ هەروەکو کۆیلە لە دژی کۆیلە یاخی دەبێت، چونکە کۆیلە لەدژی کۆت و بەندەکانی ڕەوشەکە ڕادەپەڕێت، مرۆڤی یاخی مێتافیزیکی هەمان شت دەکات. ئەو لە دژی دروستکردنی گـەردوون، ئەو ڕەوشەی کە ئەو خۆی تێدا دەدۆزێتەوە یاخی دەبێت. مرۆڤی یاخی مێتافیزیکی هەمیشە کەسێکی بێ بـاوەڕە. تەنیا بیر لە

یاخیبووانی پێشتر بکەرەوە، بۆ نمونە (باوکانی دامەزرێنەر لەدژی کۆمەڵگای تەقلیدی ئینگلیزی ڕاپەڕین، عیسا لەدژی کۆمەڵگای جولەکە ڕۆمانی ڕاپەڕی، مارکس لە دژی کۆمەڵگای سەرمایەداری ڕاپـەڕی)، بەڵام ئەوان بەناوی یاساو سیستمەوە بێ باوەڕی دەکەن. لەڕێگای یاخی بوونەوە، تۆ لە دژی ڕۆحیەتەکانی (مێتافیزیکای) کەلتور دەوەستیتەوە، لە یۆنانی کۆندا ئەوانە چارەنوسیان وابوو بمرن.

ئێپیکیورەس (ئەبیگۆر)، فەیلەسوفی کۆنی یۆنانن یاخی دەبێت و دەڵێت «کەواتە باشە، با چێژ لە ژیان وەربگرین.» لە ڕێگای بێ باوەڕبوونەوە تۆ هەوڵ دەدەیت خوداوەندێکی دیکە بدۆزیتەوە، لەسەردەمە هاوچەرخەکاندا باشترین یاخی برینییە لـە(Marquis de Sade). دوای ئەو کامۆ قسە لەسەر یاخیبووەکان دەکات لە هونەرو شیعردا، بەڵام لەڕاستیدا من بەوە ئاشنا نیم، بەڵام شتێک کە ئەو باسیدەکات برینییە لە یاخیبوونی ئیڤان لە ڕۆمانی برایانی کارامازۆڤی دیستۆفسکیدا. ئیڤان لە سادەگەراییەکی ئاکاریدا «خودا» ڕەتدەکاتەوە. ئەو دەیەوێت «خودا» خودا دادگایی بکات. ئەوە یاخیبوونێکی ڕاستە! دواتر نیتچە لەدژی گشت نەتەوەی مەسیحیەت یاخی دەبێت. نیتچە تەماشایەکی بێ مانایی جیهان دەکات و جەخت لە بێ مانایی جیهان دەکاتەوە. بەلای نیتچەوە تەنها مرۆڤ دەتوانێت مانای تایبەتی خۆی دەدۆزێتەوە ئەویش بە جەختکردنەوە (دڵنیابوونەوە لە ڕاستی) بێ ماناییەکانی جیهان، بۆئەوەی بە شێوەیەکی ڕاستەقینە ئازاد بین، پێویستە خۆمان لە مەبەست ڕزگار بکەین، واتا کۆتایی ئامانج و مەبەست ئەوەی لە فەلسەفەی یۆنانی کۆندا بە زاراوەی (telos) ناسراوە، لەگەڵ ئەوەشدا یاخیبوونێکی نیتچەگەرا ئەوەندە دوور ناڕوات: دونیانەویستی نیتچەگەرا، کە بە ئیعترافکردن بە مردن دەستپێدەکات، بە پێناسەکردنێک بۆ قەدەر

کۆتایی دێت.

نیتچە لەسەر ڕێگای ڕاست دەستپێدەکات و بەوەی لە شوێنی (خودا) مرۆڤ دادەنێت، بەڵام هەموو ئەوەی ئەو ئەنجامی دەدات تەنها بریتیە لەوەی ئەو لە جێگای خودا قەدەر دادەنێت. ئەوە ئەو شتەیە کە یۆنانیەکان ئەنجامیاندا، بەڵام ئەوە یاخیبوونێکی ڕاستەقینە نییە، بەسادەیی ئەوە بریتییە لە نۆستالژیا (هەبوونی سۆز بۆ ڕابردوو)، بەڵام نیتچە خراپە ڕەتناکاتەوە. ئەو پێی وایە ئەوە بەشێکە لە سێرکی مرۆڤ. ئەوە شتێکە بۆ دوورکەوتنەوە، بەڵامهەروەها شێوە چارەسەرێکە.

بەلای مارکسەوە،پێویستە سروشت دووربخرێتەوەو ببەزێنرێت بۆ ئەوەی گوێڕایەڵی مێژوو بکرێت، بەلای نیتچەوە دەبێت گوێڕایەڵی سروشت بکرێت بۆ ئەوەی مێژوو بەلاوە بنرێت. ئەوەش بریتییە لە جیاوازی نێوان مەسیحیەکان و یۆنانیەکان.

لە هونەردا، سوریالیست بریتیە لە کەسی یاخی بەهۆی دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ خەم و نیگەرانیەکی بێ کۆتایی. (من هونەرمەندێک نیم، بۆیە دڵنیانیم کامۆ چی دەڵێت. سوریالیزم لە چی خەم و نیگەرانیەکی بێ کۆتایی هەڵدێت؟)

کۆنەپەرستەکان سودیان لە تراژیدیای بوون وەرگرتووە، بۆ ڕەتکردنەوەی شۆڕش، بە واتایەکی تر بۆ پاراستنی هەڵوێستێکی مێژوویی. مارکسیەکان سودیان لەمە وەرگرتووە بۆ پاساوهێنانەوە بۆ شۆڕش. هەردوولا تراژیدیای مرۆڤ بەکاردەهێنن، بۆ گەشەپێدانی ئامانجە پراگماتیکیەکان (کردارییەکان) ی خۆیان.

دوژمنی سوریالیزم بریتیە لە عەقڵانیەت. کەسی یاخی لە هونەردا دووردەکەوێتەوە لە کانت.

لە مێژوودا هەوڵێکی شێتانە هەیە، بۆ دۆزینەوەی سیستم و ڕێکخستن لە مێژوودا. شۆپنهاوەر بەسەر هیگڵدا یاخی بوونی کـردووە. ئەمەش دەمانباتە بۆ بەشی سێیەم.

**بەشی سێیەم: یاخیبوونی مێژوویی**

لەم خاڵەدا، کامۆ دەیەوێت شیکارییەکی دوورو درێژتر بکات بۆ یاخیبووەکان لە مێژوودا، لە هەمانکاتیشدا دەیەوێت جیاوازی نێوان یاخیبوونەکان و شۆڕشەکان دەربخات. من دەمەوێت ئاماژە بکەم بەوەی کە ئەگەر کەسێک پێداچوونەوەیەکی فەلسەفی سادە بۆ کامۆ بکات، ئەوا ڕەنگە ئەم بەشە بپەڕێنن، چونکە زۆر دورو درێـژە، بەڵام ئەو چەند شتێکی سەرنجڕاکێش لە بارەی شۆڕشەکانەوە باسدەکات. من ئاشنابووم بە زۆربەی ئەم بابەتە، بەڵام بەجدی هەوڵمدا بۆ شیکردنەوەی ئەوەی کامۆ چی دەڵێت.

لە مێژوودا هاندەرو ئامانجی پشت گشت شۆڕشەکان بریتییە لە ئازادیی، ئەگەر ئازادیی نەبوایە ئەوا دادپەروەریی هەرگیز نەدەهاتە بەرهەم، بەڵام جیاوازی نێوان مرۆڤی یاخی و مرۆڤی شۆڕشگێڕ ئەوەیە مرۆڤی یاخی هەمیشە بۆ بەدەستهێنانی ئازادیی یاخی دەبێت و بەرگریی دەکات. مرۆڤی شۆڕشگێر ڕەنگە ئازادیی هەڵپەسێرێت، بۆئەوەی داوای دادپەروەریی بکات، بەڵام شۆڕشەکان دەرئەنجامێکی لۆژیکی یاخیبوونە مێتافیزیکیەکانە. لەڕێگای یاخیبوونە مێتافیزیکیەکانەوە، مردنی «خوداوەند» ڕاستە. بۆیە چی دەمێنێتەوە؟ مێژوو.مێژوو دەبێتە کلیلی داواکردنی ئازادیی. مانای ئەمەش ڕەنگە تەنها گۆڕینی حکومەت و فەرمانڕەوا بێت.

هەر گۆڕانکارییەک لە سیاسەتەکانی حکومەتەکاندا شۆڕشێک نییە، ئەوە

چاکسازییە، بەڵام دواتر جیاوازی نێوان یاخیبوونێک و شۆڕشێک چیە؟ لەو بارەیەوە کامۆ دەڵێت:» یاخیبوون، بە سروشت، لە ڕادەو مەودادا سنوردارە. یاخیبوون هیچی تر نییە، بێجگە لە ڕاگەیاندنێکی پێکەوەگرێنەدراو بە پێچەوانەوە، شۆڕش لە کێڵگەی بیروباوەڕەکانەوە سەرهەڵدەدات» (لاپەڕە 106).

مرۆڤی شۆڕشگێڕ بیروباوەڕەکان دەخاتە ناو مێژووەوە، لە کاتێکدا یاخی بریتییە لە ئەزمونکردنی تاکەکەسی بیروباوەڕەکان.

بەڵام، لە کاتێکدا شۆڕشەکان کردارەکان دەخەنە قاڵبی بیروباوەڕەوە، بۆئەوەی جیهان لەگەڵ هەندێک چوارچێوەی تیۆریدا بگونجێت، ئەوان لەم پرۆسەیەدا مرۆڤەکان و پرنسیپەکان دەکوژن. یاخیبووەکان تەنها مرۆڤەکان دەکوژن. حکومەتە شۆڕشگێڕییەکان چەند ئەرک و پابەندبوونێکیان هەیە کە حکومەتی جەنگ بن. بەمشێوەیە شۆڕشێکی تەواو بە حکومەتێکی دیکتاتۆری کۆتایی دێت. لێرەدا مرۆڤ وەکو گرنگترین دروستکراوی جیهان بۆ ناو دیمەنەکە دەگەڕێنەوە. ئەوەش تاکە ڕێگایە بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی. « زۆربەی شۆڕشەکان لە کوشتنەوە قاڵبیان وەرگرتووە و ڕەسەنایەتی خۆیان لە کوشتنەوە وەردەگرن» (لاپەڕە 108). کۆیلەکان لەدژی ئاغاکانیان ڕادەپەڕن. زۆرانبازەکان بەهەمان شێوە شەڕیان کردووە.

ئەمە بۆچوونی «مافی یەکسان» ی هێنایە ناو کایەی بیرکردنەوەی ڕۆمانیەکانەوە، بەڵام بۆئەوەی ئەم شۆڕشە کاربکات، بۆ ئەوەی ئەم هزرە خۆی ڕابگرێت، پێویستە سەربکەوێت بەسەرو جێگای پرنسیپێکی کۆنتر بگرێتەوە. ئەو پرنسیپە کۆنانە چین کە پێویستە بگۆڕدرێن؟ پادشایەتی پێویستە بڕوخێندرێت. بەم شێوەیەش گرێبەستی کۆمەڵایەتی نوێ لە دایکبوو. ڕۆسۆ ئەو بیرۆکە دەهێنێتە ئاراوە کە خەڵک، نەک پادشاکان، دەتوانن

فەرمانڕەوایی بکەن، پێش ڕۆسۆ خودا پادشاکانی دروستکردبوو کە ئەوانیش لەدەرئەنجامدا خەڵکیان دروستکرد. لەگەڵ ڕۆیشتنی پادشادا، دەسەڵات بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دەستاودەستی پێ ناکرێت، بەڵکو تاڕادەیەک دەسەڵات لە ڕەزامەندی خەڵکەوە دێت. ئێستا دەسەڵات زیاتر ئامانجێکی ئاسایی هەیە وەک لەوەی سنورێکی دیاریکراوی نەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەدا وادەکات ئیتر خودا پێویست نەبێت. خواستی خەڵک جێگای خودا و بەرنامەکانی دەگرنەوە. لێرەوە لە سەدەی بیستەمدا ویستی مرۆڤ جێگای دەسەڵاتی ئاینی گرتەوە. ئەمەش لەچەند بیرمەندێکی وەکو هیگڵ، مارکس، نیتچەوە سەرچاوە دەگرێت، لەگەڵ تیرۆریزمی تاکدا هەنا ئەو ڕادەیەی هەنگاوەکان لۆژیکی بن، هەموو شتێک ڕاست و پەسەندکراوە. ئەوەش خۆپەرستیەکی عەقڵانی بوو کە لەناو (زایناجێستەکانی) ساڵانی 1850 و 60 کاندا بڵاوبۆیەوە.(بە ڕاشکاوی ئەمە ئەو شوێنەیە کە من هەندێک تیایدا وون بووم، چونکە کامۆ بڕێکی زۆر زانیاری مێژوویی دەهێنێنە بەرباس، کە من هیچ باکگراوندێک لەبارەیانەوە نیە، ناشزانم چۆن ئەو زانیارییانە پەیوەندییان هەیە بە یاخیبوون و شۆڕشەکانەوە.

لەبەرئەوەی مێژوو بەشێوەیەکی سەرەکی چیرۆکی شۆڕشەکانە، شۆڕشەکان تاکە کەسی و تایبەتی نین. ئەوان ئەبستکراکتن و بەرەو دوور لە داهاتوو دەڕوانن. شۆڕشگێڕەکان کاتیان نییە، بۆ خۆشەویستی و هاوڕێکان. لەڕاستیدا توندوتیژی لـەدژی هەرکەسێکە کەلە خزمەتی بیرۆکەیەکی ئەبستراکدابێت. ئەم بیرۆکانە دەگۆڕین بەشێویەک لە مرۆڤایەتی بەرزتر بن. لە ڕاستیدا شۆڕشەکان مافەکان دوادەخەن، چونکە شۆڕش بریتییە لە بەهای باڵا. هەنوکە تەنها ئەرکەکان هەن، بەڵام لەبەرئەوەی پێشبینی کردنی مێژوو شتێکی سەختە، یاخیبوونەکان کێشەیەکیان هەیە ئەویش بریتییە لە ئەگەر

لە جیاتی وردی و ڕێک و پێکی، بەهەر حاڵ یاخی دروستکەری بەهاکانە.

بەهۆی مۆسولینی و هیتلەرەوە تۆقاندنی ناعەقڵانی بووە قۆناغی دواتر لە مێژوودا. ئەوان لە جیاتی عەقڵ ناعەقڵانیان، وەکو باشترین سەرمایە دەبینی. ئەوان لەسەر ئەم مەرجانە دەوڵەتیان دامەزراند:

هەموو شتێک بێ مانایەو مێژوو لە ڕێگای هێزەوە دەنوسرێتەوە. ئەوەش بریتییە لە ڕەوشتەکانی چەتەکان، بەڵام ئەم قۆناغەش مرد.

بەڵام ترس و تۆقاندنێکی هەیە، کە ئەمەیان تەواو عەقڵانییە. چەند پێشبینی بوونە بابەتی باوەڕهێنان، لەمەیاندا چیدی هەستی پێشبینی کردن نابینرێت، چونکە پێشبینی کردن کورتخایەنەو دەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێن. بەڵام تەنەبوئەکان درێژخایەنن و حەتمەن ڕوودەدەن، لە هەمووش گرنگتر ئەوان بەڵگەیان ناوێت. ئەوان ئەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێن، ئەگەر پێشبینیەکان شکست بهێنن، ڕوئیاکان تاکە هیوان. ئەم ڕوئیایانە بریتین لە قۆناغەکانی چۆنێتی کارکردنی مێژوو، ڕۆحی مارکسە کە مۆدێل و پێشەنگی ئەم قۆناغەیە.

ڕوئیاکەی ئـەو شۆڕشگێڕانەشە: سـەرمـایـەداری بریتییە لـەدوا قۆناغی بەرهەمهێنانی ئابوری کە تیایدا دیالێکتیک(گفتوگۆی لۆژیکی) هەڵدەوەشێنرێتەوە هەتا خاڵێک تا ئیتر ئابوری نامێنێت. کاتێ ئەوە ڕوودەدات، ئەو مێژووەی ئێمە دەیزانین، بە سانایی دەبێتەوە بۆ قۆناغی پێش مێژوو. هەموو مێژوو، هەموو ڕاستی دیالێکتیک و ئابورییە. ئێستا مێژوو سەرکەتووە، چونکە بۆتە جێگرەوەیەک بۆ عەقڵ -وەکو ئیلهامبەخشێک.

تاکە شت کە بەنرخە بریتییە لە هەر شتێک کە پشتیوانی سیستمەکە، ئەم داهاتووە تایبەتە، دەکات. هەر یۆتۆپیایەک (بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دیکتاتۆریانەو ناچارکەرو دیستۆپیایە (شوێنێک کە خراپترین شتی لێ بێت).

بۆچی ڕوئیاکانی مارکس شکستیانهێنا؟ هۆکاری ئەوە بریتییە لەوەی ئەو زانستی نەبوون، ئەگەر وا بونایە، ئەوا تەنها دەتوانن وەسفی ڕابردوو بکەن. داهاتوو وەکو ئەگەرێک دەمێنێتەوە. ئەمە ئەو شوێنەیە کە من لەگەڵ کامۆدا هاوڕانیم.

زانست بەدڵنیاییەوە هەوڵدەدات پێشبینی داهاتوو بکات، لە ڕاستیدا ئەوە ئامانجی زانستە کە دەیەوێت پێشبینی ئەنجامەکان بکات. بەدڵنیاییەوە زانست لە ناو دونیای ئەگەرو ئیحتیمالدایە. هەرچۆنێک بێت ئەگەرەکان دوو جۆرن و هەندێکیان چانسی ڕوودانی بەرزترە و هەندێکیان چامسێکی نزمتریان هەیە بۆ ڕوودان. ڕەنگ مارکسییەکان پێشبینیەکی خراپیان کردبێت، بەڵام هەموو هەوڵێکیان خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی ئەوەندەی دەتوانن زانستی بن، بەڵام کامۆ ڕاستە کە دەڵێت مارکس هەوڵیداوە بۆ دروستکردنی ئەو ڕوئیایانەی کە لە دونیای زانست دەردەچـن، ئەگەر ئایدیاکانی مارکس بەڕاستی زانستی بونایە، ئەوا دەبوایە هەرگیز ڕوئیای دروست نەکردایە، بەڵام بەم شێوەیە مرۆڤ دەبێتە کاراکتەرێکی تەنیا لە مێژوودا بەبێ هەبوونی هیچ کاریگەرییەک لەسەر ئەم دەرئەنجامە چارەنوسسازە. بەم شێوەیە مارکسیەکان پێویست بوو زانستی خۆیان دابهێنن لە ڕێگای دانانی جۆرێک لە گریمانە لە جێگای حەتمییەت، بەڵام بەو شێوەیە ئەوان دەبوایە لەو کاتە بەدواوە نکۆڵیان بکردایە لە هەر پێشکەوتنێکی زانستی. ئەوان دەبوایە نکۆڵیان بکردایە لە هەر پێشکەوتنێکی زانستی بۆئەوەی ئەم پرنسیپە مارکسیانە بمێننەوە.

لەبەرئەوە دیالێکتیکی مارکسی هیچ نییە، بێجگە لە نهێلیزمی ڕوپۆشکراو. تاکە ئامانجی بزوتنەوەی مارکسییەت بریتیە لە نکۆڵی کردن لە هەموو شتێک بێجگە لە خۆی، بەڵام ئەم ئامانجە هەڕەمەکی و ترسناکە.

ئەی کەواتە ئامانجەکە چییە؟ ئامانجەکە ئەوەیە هەژمون و کۆنترۆڵی تەواوی هەبێت. ئەوە زۆر بەڕوونی لەڕێگای وتە مارکسییەکەی خۆیانەوە ڕونکراوەتەوە:» دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بۆ دامرکاندنەوەی چینی بۆرژوا بۆ هێنانەئارای سۆسیالیزمی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان. دوای ئەوەی دەوڵەت کەواتە دیکتاتۆریەت دەچێتەوەیەک. هەتا دەگەینە «بۆ هەر کەسێک بەگوێرەی پێداویستیەکانی خۆی،» دەوڵەت بەردەوام دەبێت، بەڵام کەی ئەمە ڕوودەدات. وەڵامەکە هەمیشە ئەوە بووە» کەس نازانێت»، کەواتە هەر ڕوئیایەکی مارکسی ئازادییەکان دوور دەخاتەوە، لەڕاستیدا هیچ بەڵێنێک نەهاتۆتە ئاراوە کە ئەم دیکتاتۆریەتە لە داهاتوودا کۆتایی دێت.

بەڵام یاخی دەتوانێت ڕەتیبکاتەوە، بۆ هەلومەرجە مێژووییەکان بچوک بکرێتەوە، ئەگەر بەم شێوەیە بێت، ئەوا یاخی تەئکیددەکاتەوە لە هەبوونی جۆرێکی دیکەی سروشتی مرۆڤ، شتێک کە ڕەتیدەکاتەوە بە بابەتی بکرێت، بە بچووک کردنەوەی هەموو شتێک بۆ هەلو مەرجە مێژووییەکان، تاک لەم سیستمە کۆمەڵایەتیەدا وون دەبێت.

بەم شێوەیە شۆڕش ئەوەی لە ڕەمزەکانی دەسەڵاتی ئاینی دەکوژێت و نهێلیزمی مێژوویی دەهێنێتە کایەوە. هەڵبژاردنی مێژوو بریتییە لە هەڵبژاردنی نهێلیزم، بەڵام مێژوو هیچ هیوایەک نابەخشێت، چونکە یان ئەوەتا تۆ لەگەڵ مێژوودای (بەوەی بە بابەتی دەکرێت و دەبێتە ئامرازێک لە هەلومەرجە مێژووییەکاندا، بەمەش تۆ بەشێک دەبێت لە سیستمە ستەمکارەکە)، یان یاخی دەبێت (لەم حاڵەتەیاندا تۆ بریتیت لە شێتێک. بەم شێوەیە یان ئەوەتا هێزێکی پۆلیست هەیە، یان شێتێتی. لەم سیستمە کۆمەڵایەتیەدا هیچ بەهایەک نییە. بۆیە مێژوو ناتوانێت ببێتە سەرچاوەی بەهاکان.

**کامۆ زۆر بە باشی بەم شێوەیە ئەو مەسەلەیە دەردەبڕێت:**

«شۆڕشی تەواو، لەڕاستیدا کار لەسەر گریمانەی لە قاڵبدانی سروشتی مرۆڤ، ئەگەری بچوک کردنەوەی بۆ حاڵەتی هێزێکی مێژوویی دەکات، بەڵام یاخیبوون لە مرۆڤدا، بریتییە لە ڕەتکردنەوەی ئەوەی وەکو ئامرازێک مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بۆ چەند هەلومەرجێکی مێژوویی سادە بچوک بکرێنەوە... ، بەڵام مرۆڤ بە یاخیبوون لە بەرامبەردا سنورێک بۆ مێژوو دادەنێت، لەم سنورەدا بەڵێنی بەهایەک لە دایک دەبێت (لا 250).

لە ڕاستیدا شۆڕشەکان وادەکەن مرۆڤ لە پێناو مێژوودا سەرکوت بکرێت، لەلایەکی دیکەوە یاخی ڕەتیدەکاتەوە، وەکو ئامرازێکی بێ گیان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. لەم حاڵەتەدا یاخی یاخی نابێت لەپێناوی مێژوودا، بەڵکو لە دژی مێژوو یاخی دەبێت.

مرۆڤی یاخی یەکێتی دەوێت، مرۆڤی شۆڕشگێڕ داوای سەراپاگیری دەکات. لەمەوە دەتوانین چی فێرببین؟ یاخیبوونی مێژوویی بریتییە لە پرۆسەیەکی (هەموو کەس بەپێی بیروباوەڕی خۆی بژی)، بۆ ئەوەی بەها دروست بکات. باشترین کەسیش کە بتوانێت ئەمە ئەنجامبدات بریتییە لە هونەرمەند. بۆ کۆتایی پێهێنانی ئەم بەشە، وا باشترە بوار بە کامۆ بدەین تەواوی بکات: «لە ڕاستیدا یاخیبوون دەڵێت زۆر ڕاشکاوانەتر کە شۆڕش پێویستە هەوڵبدات ڕۆڵێکی هەبێت، نەک لەبەرئەوەی لە ڕۆژگارێکی داهاتوودا بێنەبوون و بچوک بکرێنەوە بۆ خۆبەدەستەوەدان، بەڵکو پەیوەست بێت بەو بوونە شاراوەیەی کە پێشتر ڕونکراوەتەوە لە کرداری زیندووبوونەوەدا. ئەم یاسایە نە فەرمیەو نە کەمترە لە مێژوو، ئەوە دەتوانرێت بە لێکۆڵینەوە لە حاڵەتە خاوێنەکەی، لە دروستکردنی هونەریدا وەسف بکرێت.

پێش ئەنجامی شتێکی لەو جۆرە، با تەنها تێبینی بکەین ئەم وتانەی یاخی بوونی مێتافیزیکی بکەین «من یاخی دەبم، کەواتە ئێمە هەین» و «ئێمە بە تەنهاین»، لە ململانێی یاخیبوون لەگەڵ مێژوودا ئەوە فێردەبین کە لەجیاتی کوشتن و مردن لەپێناوی بەرهەمهێنانی ئەو بوونەی کە ئێمە وا نین، لە پێناوی دروستکردنی ئەوەی خۆمان چۆنین پێویستە (هەموو کەس بەپێی بیروباوەڕی خۆی بژی). (لاپەڕە 252).

**سەرچاوە:**


Shaun Miller›s Ideas

Book Review: The Rebel by Albert Camus, Part III: Historical Rebellion

http://shaunmiller.wordpress.com/201011/05//book-review-the-rebel-by-albert-camus-part-iii-historical-rebellion/

# تاعونی ئەلبێر کامۆ

ئیبراهیم ئەلعەریس

لەعەرەبییەوە: ئاوات محەمەد

ئەگەر لایەنی فەلسەفی لە رۆمانی تاعونی ئەلبێر کامۆ وەربگرین، لەوکاتەی دەیخوێنینەوە هەست دەکەین ئێمە لەبەردەم رۆمانێکی ئەندێشەی زانستیداین، یان باشترە بڵێین لە بەردەم جۆرێک لە رۆمانی ئەندێشەی زانستی، سیما گشتیەکانی ئەو تۆقیەنەیە کە دەیخاتەوە، بەڵکو مەسەلەیەکی بەئینسافانە وامان لێدەکات تێبینی ئەوە بکەین، وەک فیلمێکی ئەندێشەی زانستی وایە، لەشێوەی کارەساتباری، کە رۆمانی تاعون رووداوەکانی خۆی لەسەرتاوە لێوەرگرتووە، ئەو سەرەتایەی پەیوەستە بەژمارەیەکی ئێجگار زۆری جرج، وەک ئەوەی بیانەوێت شارەکە داگیر بکەن، ئەمەش لەلاپەڕە یەکەمینەکانی رۆمانەکەوە دەردەکەوێت، لەگەڵ سەرەتای مردنی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی شارەکە لەناو شەقامەکاندا، بەبێ ئەوەی سەرەتا کەس هۆکارە ئاشکراکانی ئەم مردنە بەکۆمەڵە بزانێت.

دیارە لەگەڵ ئەم سەرەتا تۆقێنەرەدا، کۆڵانەکانی ئەم فیلمە ئەندێشەی زانستییە لق و پۆی لێدەبێتەوە، لەو کوچەیەی نوسەری فەرەنسی بەناوبانگ بیبڕێت، ئێمە دەزانین ئەلبێر کامۆ لەنوسەرانی ئەندێشەی زانستی نەبووە، هەروەها خەمی ئەو گێڕانەوەی چیرۆکی جرجەکان و هەموو شتەکانی تری ئەو شارە نەبووە، بەڵکو سەرنج زۆر لەوە دوورتر دەدات، بەدیاریکراوەی بۆ کرۆکی سیاسی، فەلسەفی سیاسی لەو لایەنەی پەیوەستە بەجەوهەری رۆمانەکەوە، لە تێڕوانینی کامۆ بۆ ئەو بەرگریەی بەرگریکاران لە فەرەنسا لەدژی نازییەکان ئەنجامیان دەدا، لەلایەنی فەلسەفییەوە کامۆ هەوڵیداوە

لەم رۆمانەدا بەپێی ئەو شیکردنەوانەی بۆ ئەم رۆمانە کراوە، کارێکی ئەدەبی دراماتیکی پێشکەش بکات، جۆرێک لەبیرکردنەوەی بوونگەریانەی تێدا بەرجەستە بکات، کە لەو تافەدا باو بووە.

مەبەستمان لەو تافە، ساڵانی کۆتایی جەنگی جیهانی دووەمە، بۆ زانیاری تاعون لە یەکەمجار لەساڵی (1947)دا بڵاوبووەوە، واتە دوای کۆتایی هاتنی جەنگ و رزگاربوونی فەرەنسا لە دەستی نازییەکان گومانی تێدا نییە، ئەو زەمەنە زەمەنی پێداچوونەوەی زۆرێک لە بوارەکانو بیروڕاکان بووە، هەروەها زەمەنی سەرەتای بڵاوبوونەوەی فکری بوونگەری بووە، ئەویش لەناو ناوەندی رۆشنبیرە دیموکراتە فەرەنسیەکاندا، وەک چۆن لەناوەندە میللیەکاندا، ئەویش لە دژی زۆرێک لە خەیاراتی فکری و سیاسی لەوسای فەرەنسادا، هەروەها لە زۆرێک لە ناوچەکانی تری جیهان، کە تازە لەجەنگی جیهانی هاتبوونە دەرێ و پڕبوون لەدڵەڕاوکێ و پرسیار، ئەوکات ناچارە لەناویاندا هەڵبژێرێت، یان بەرەو رووی ببێتەوە، لێرەوە ژیانەوەی هەمەجۆری چەپگەریانە لەفکری بوونگەریدا دەرکەوت، ئەویش لەسەر دەستی کامۆ، وەک چۆن لەسەر دەستی سارتەرو دۆبۆڤوارو چەندەهای تر.

بەم شێوەیە رۆمانی تاعون وەک کارێکی ئەدەبی بوونگەری رەمزی هاتە بوون، هەر لە سەرەتاوە مەسەلەی هەقیقەتی هەڵوێستی فەرەنسییەکان لەبەرمبەر داگیرکاری نازیدا چارەسەردەکات، ئەم داگیرکاریشەش داگیرکردنی ئەو شارە نییە، کە رووداوەکانی تێدا روو دەدات، تاعون لەلایەن جرجەکانەوە تەنها خواستەیەکە، لەم لایەنەوە رەخنەگرانو لێکۆڵەرەوان بەهەڵەدا نەچوون، کەبەمانایەک لەماناکان کافکایان بینی، لێرەدا لەسەر هەمان رەوتی رۆمانی نووسەری گەورەی بەر لەخۆی (بوونگەرییەک بەر لەبوونگەری) فرانز کافکا دەڕوات بەڕێوە، بەتایبەتی لەسەر شێوەی رۆمانی دادگا، لەوەی

وێنای نەهامەتی تاک لەبەردەم دەسەڵاتدا دەکات (یان هێزی بەکۆمەڵ)، بەبێ ئەوەی هیچ تاوانێکی هەبێت، تۆمەتباری دەکات و بەدوای دەکەوێت و دادگایی دەکات، ئەم شیکردنەوەیە زۆرجار بەبیری خوێنەرانی کافکادا نەهاتووە، ئەویش لەبەرئەوەی هیچ بەرگرییەک نانوێنێتو وای لێدەکات، (لەگەڵ جەلادەکەی لەناو ئەو نەهامەتییەدا بژی، ئەویش بەشێوەیەکی نەگەتیفانە)، لەوانەیە خاڵی هەرە دیاری لێکچوونی نێوان کارەکەی کامۆ و کافکا، بریتی بێت لەوەی ئەو حوکمەی لە تاکەوە دەردەچێت مانای هەمە جۆری هەیە، کەوای لێدەکات ببێتە بەشێکی بنەڕەتی لەو مەرجە مرۆییەی لەزەمەنی نوێدا هەیە.

ئەو شارەی رووداوەکانی رۆمانی تاعونی تێدا رووئـەدات، شاری وەهرانی جەزائیرییە، ئەو شارەی ئەلبێر کامۆی تێدا لەدایکبووە، وەک وتمان رۆمانەکە بەو هەزارەها جرجە دەست پێ دەکات، کە لە کۆڵان و زێرابەکاندا دەست بەتەراتێن دەکەن، یەکەمجار بەدزیەوە دەردەکەون، بەڵام کاتێک شارەکە پڕ دەبێت، لە مردوو بەئاشکرا دێنە دەرێ.

رۆژنامە ناوخۆییەکان دەست دەکەن بەبڵاوکردنەوەی رووداوەکان، لە شارەکەدا خەڵک توشی هستریایەکی بە کۆمەڵ دەبێت، کاتێک دەسەڵات دەیەوێت کارێک بکاتو فەرمان دەردەکات کە خەڵکی شارەکە جرجەکان کۆبکەنەوەو لە چاڵێکدا بیانسوتێنن، لەو کاتەی دەسەڵات ئەم فەرمانە دەردەکات، نەیدەزانی کەکردەی بەدواکەوتن و کۆکردنەوەی جرجەکان دەبێتە هۆی زیاتر بڵاوبوونەوەی پەتای تاعونی کوشندە لەناو سەرجەم شارەکەدا، لەشاری پزیشکەکە، دواتر دەزانین کەسایەتیەکی سەنتەری ناو رۆمانەکەیە، ناوی دکتۆر ریۆیە ئەو پزیشکە زۆر بەخۆشی دەژی، ئەویش لەشوقەیەکدا لەشەقامێکی کەشخەدا، رۆژێک بەهۆی تایەکی زۆر بەرزەوە،

پاسەوانی بیناکە دەمرێت،یەکسەر ریۆ راویژ بەدکتۆر کاسێلی هاوڕێی دەکات، بەیەکەوە ئەوە دەدۆزنەوە هۆکاری مردنی دەرگاوانەکە تاعون بووە، کە هەر هەمان تاعون وەک پەتایەکی مەرگاوی لەناو ئەو شارە بڵاوبووەتەوە، لەحاڵێکدا ئەم دۆزینەوەیەی ئەم دوو هاوڕێیە دەبێتە یەکەم ئاماژە، ئەگەرچی رووداوە بەراییەکان هەمووی ئاماژەن بۆ پەتاکە، کە لەو شارە بڵاوبووەتەوە.

لێرەوە ئەم دوو پزیشکە لەگەڵ گەورە بەرپرسانو هاوەڵەکانیانداو بەرپرسە حکومیەکاندا دانیشتن دەکەن، بەڵام کۆبوونەوەکە هیچ دەرئەنجامێکی نابێت، ئێستاش هەر لەو باوەڕەدان ئەوەی بەتاعون مردووە تەنها یەک کەسە واتە دەرگاوانەکە، بەڵام هێندە نابات ژمارەی مردووەکان بەخێرایی زیاد دەکات، کە دوایی دڵنیا دەبن پەتایەکی کوشندە بڵاوبووەتەوە، لێرەدا دەسەڵات هیچی بۆ نامێنێتەوە، هەر ئەوەندە نەبێت خۆی بداتە دەست ئەمری واقع و دان بەحاڵەتەکەدا بنێت و گەمارۆی شارەکە دەدات، هاتنە ناوەوەو چوونە دەرەوەی لێ قەدەغە دەکات، شورایەکی ئەمنی توندی بەدەوردا دەکێشێت، هەروەها کۆمەڵێک بنەمای تەندروستی توندیش دەسەپێنێت، کە هەر کەس لەو شارەدا بژی ئەبێت پەیڕەوی لێبکات.

ئیدی لەو ساتەوە رۆمانەکە دەبێتە جۆرێک لە کێشمەکێشی هەمەجۆر لەنێوان هاوڵاتیان و دەسەڵاتی سیاسی و شارەوانی و دەسەڵاتی تەندروستی، هەر گروپێک هەوڵدەدات ئەوەی لەسەر شانە ئەنجامی بدات، بەڵام هەموو ئەوانەی روو دەدەن لەسوریالیەتەوە نزیکن وەک لەواقع، ئەوەی یەکەمجار ئەمە دەسەپێنێت ئەوەیە خەڵکەکە، (هەروەها بەرپرسانیش) لەناو ئەو شارەدا وەک دیلیان لێدێت، تاعون دەبێتە هۆی گۆڕینی سیمای پەیوەندییەکانو سیمای شارو خەڵکەکەشی دەگۆڕێت، ئەمە تەنها نەخۆشیەکی کوشندە نییەو

بەس، بەڵکو هۆکارێکی کارایە بۆ گۆڕینی هزرەکان بەشێوەیەکی ریشەیی، لەبەر رۆشنایی ئەم گۆڕانکارییەدا، هەقیقەتی هزریو مۆرکی کەسەکانو جەوهەری پەیوەندییەکانمان بۆ دەردەکەوێت، لەنێوان ئەوانەی دەیانەوێت نەخشە بۆ راکردن لەشارە بکێشن، تاکو لەپاریس بەژنەکەی بگاتەوە دەربەست نییە، بەوەی نەخۆشیەکەی هەڵگرتووە یان نا، قەشەکە سود لەم رووداوە ببینێت تاکو بڕوا بەخەڵک بهێنێت کە تاعون هیچ نییە، جگە لە تووڕەیی خوا بەسەر مرۆڤەکانەوە، تاوانکار سامانێکی زۆر لەتۆقینی خەڵکەوە کەڵەکە دەکات، بەڵام هەندێک سات هەیە هەموو واز لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان دەهێنن، تاکو یارمەتی یەکتر بدەن.

لێرەدا رۆشنە ئەلبێر کامۆ (1913–1960) رۆمانێکی نوسی لە چیرۆکی تاعون ئەولاتر چوو، لەسەر رووداوێکی نوسی لە شاری وەهران روودەدات، لێرەدا وەک خواستەیەک بەکاری هێنا، هەروەها لێرەدا وەک زینەکردن بەکاری نەهێناوە، ئەبێت رۆمانی داداگای کافکامان لە یەکەم لاپەڕەکانەوە لەسەر زمانی ریۆی پزیشک لەبیر بێت.

هەروەها بەڕێکەوت نییە، لەراستی رۆمانەکەدا ناوی رۆمانێکی تری کامۆ بێت، کە ئەویش رۆمانی نامۆیە، دکتۆرێک دەیگێڕێتەوە کە پیاوێک لەسەر کەناری دەریا گولەیەکی بەبێ هۆ پێوەناوە، لەم دوو ئاماژە رۆشنەوە تێدەگەین کامۆ ویستویەتی سەرنج بێهودەیی مەرجی مرۆیی بگرێت، هەروەها لەو رەهەندە بوونگەرییەی لە فکرو ئەدەبەکەیدا رەنگی دابووەوە، کامۆ خاوەنی خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئەدەب، کە ساڵی (1957) وەری گرت، بە رۆمان و کتێبە فەلسەفییەکانی ناسراوەتەوە، هەروەها ژمارەیەکی زۆریش شانۆنامەی نوسیوە، ئەمە جگەلە چەندەها وتاری سیاسی کەسەبارەت بەکێشەی جەزائیر دەینوسی، هەمیشە جۆرێک لەبەدحاڵیبوونی هەبووە،

ولەلایەن لێکۆڵیارانەوە چارەسەری بۆ کراوە، لە گرنگترین کارەکانی کامۆ (مردنی بەختیار)، (نسکۆ)، (یەکەم پیاو) (کە پاش مردنی بەچەند دەیەیەک بڵاوکرایەوە)، شانۆنامەکانی وەک (کالیگۆلا)، (بەدحاڵیبوون)، (سۆزانییە بەڕێزەکە)و چەندەهای تریش.

# گەڕاندنەوەی چەمکی مرۆڤایەتی، بۆ مرۆڤ بوون

تیرۆرو تۆقاندن لە روانگەی کامۆوە

ئامادەکردنی: لوقمان رەئوف

**ژیاننامە**

ئەلبێر کامۆ لە (1913/11/7) لە شاری (ژرعان) لەجەزائیر لەسەروبەندی داگیرکردنی فەرەنسییەکاندا، لە خێزانێکی فەرەنسی نیشتەجێی جەزائیر لەدایکبووە، دایکی بە رەگەز دەگەڕێتەوە سەر ئیسپانیەکان و باوکیشی لەسەردەمی شەڕی جیهانی یەکەمدا، کۆچی دوایکردووە، کامۆش لە ساڵی (1960) بەروداوی ئۆتۆمبێل کۆچی دوایی دەکاتْ.

کامۆ لە بارودۆخێکی خراپ لە نێوان هەژاری و نەداریدا دەژیا، ئەمەش وایکرد لە سەردەمی خوێندکاریدا دوو ساڵ پەنا بۆ کاری دەستی ئاسان بباتْ، لەگەڵ ئەوەی لەکاتی خوێندنیدا لەجەزائیر توشی نەخۆشی سیل دەبێتْ، ئەمەش کار لە چالاکی وەرزشی و خوێندنی دەکاتْ، دواتر لە ساڵی (1949) نەخۆشی سیلی تێدا دەردەکەوێتەوە، ئەمەش وایکرد دوو ساڵ لەژێر چاودێری و لە نەخۆشخانە بیهێڵنەوە، لەساڵی (1950)دا لە فەلسەفەدا خەڵاتْ وەردەگرێتْ و ساڵی دواتریشی دەستیدایە لێکۆڵینەوە بەناوبانگەکەی کە بەناوی (ئەفلاتونیەتی نویٚ)یەو خەڵاتی نۆبڵی لە ساڵی (1957) پێوەرگرتْ، ئەم کتێبەش بچوکترین کتێبە کە خەڵاتی پێوەرگیرا بێتْ لە دوای (رووبارد کبلنغ): نەک بەهۆی کتێبی (داڕماو) کەساڵی پێشتر بڵاوکرایەوە، بەڵکو بەهۆی ئەو وتارانەی کەدەینوسین و رەخنەی لەیاسای سیداردان دەگرتْ.

کامۆ لەساڵی (1936) بەشداری چالاکی شیوعیەتْ لەجەزائیر دەکاتْ،

داوای سەربەخۆیی دەکات، ئەمەش نەبووە مایەی سەرنجڕاکێشانی هاوڕێکانی لەحزبی شیوعی فەرەنسیدا.

لەگەڵ ئەوەی کامۆ لەکایە جیاوازەکانی وەک شانۆ و ڕۆژنامەگەری کاریکردووە

**کارە ئەدەبیەکان**

لە سەرەتاکانی شەڕی جیهانی یەکەمدا بانگی ئاشتی دەکرد، بەڵام دواترو ئەو کاتانەی کەنازیەکان (گابریل بێری) یان لەسێدارەدا، بیروڕای گۆڕا بۆ بەرەنگاربوونەوە لەدژی داگیرکاری نازیەکان و چووە ریزی شانەی (هەوڵدان) وەک نوسەر کاری بۆ رۆژنامەی (هەوڵدان، کفاح)، واتە هەمان ناوی شانەکە بکات.

لە ساڵی (1942) چوو بۆ بۆردۆ، لەم ساڵەشدا یەکەم کتێبی نوسینی خۆی تەواوکرد بە ناوی (کامۆو ئەفسانەی سیزیف)، لەساڵی (1943)دا فەیلەسوفی ناسراو (جان پۆل سارتەر)ی ناسی لەکاتی کردنەوەی شانۆگەری (الزباب) کە لەم دواییانەدا نوسیبووی، لێرەوە هاوڕێیەتێکی قوڵ و بەهێز لەنێوانیاندا دروستبوو، بەمەش کاریگەری بیریان لەسەر یەکتری هەبوو.

لەکۆتایشدا بوو بە سەرنوسەری رۆژنامەی (هەوڵدان/الکفاح)، پاشانیش ئاڕاستەی کارکردنی شۆڕشگێڕی گۆڕی، بوو بە رۆژنامەیەکی بارزگانی و لەساڵی (1947) وازی لێهێنا، بەڵام بـەردەوام لە چوارچێوەی سارتەردا کاری دەکرد، دواتر بە گەشتێک چوو بۆ ئەمەریکاو هەندێ وانەی لەسەر بوونگەرایی وتـەوە، لەگەڵ ئەوەی خۆی چەپ بوو، بەڵام لەئەنجامی رەخنەکانی لەسەر ستالین، لایەنگرێکی زۆری لەخۆی کۆکردەوە، بەڵام دواجار خۆی بەگۆشەگیری هێشتەوە، ناخۆشی لە سارتەر دوورخستەوە.

لەساڵی(1951) کتێبی (التمرد)ی بڵاوکردەوە، تێیدا شیکارێکی فەلسەفی

بۆ هەڵهاتن و شۆڕشکردەوە، تێیدا بەڕاشکاوی شیوعیەتی وەلاناوە، ئەمەش زۆر لەهاوڕێکانی بێزاردەکات، بووبەهۆی جیابوونەوە تەواوی لەسارتەر، جگەلەمەش ئەم کتێبە توشی دابڕانێکی خراپو کەئابەی کرد.

**کارە فەلسەفیەکان:**

گرنگترین کاری فەلسەفی کامۆ بریتی بوو لەبیری عەبەسی، بیرەکەش لە پێویستییان بۆ روونی و واتا بەرهەم هێنراوە، جیهانێک پڕە لە پێشکەوتنی بێ روونی و بێ واتایی، ئەو بیرەیەکە لە ئەفسانەی سیزیفدا داهێنانی تێدا کرد، لەئەنجامی ئەمەشەوە زۆرێک وا کامۆ دەبینن، کەبوونگەراییە وەک لەوەی عەبەسی بێت.

لەساڵانی پەنجاکاندا خۆی بۆکاری مرۆیی تەرخان کرد، لەساڵی (1952) دەست لەکارکێشانەوەی خۆی لەپۆستەکەی لەرێکخراوی یونسکۆ راگەیاند، ئەمەش لەبەرئەوەی نەتەوەیەکگرتووەکان رازی بوو بەوەی کەئسپانیا ببێت بەئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان، لەگەڵ ئەوەی لەژێر حوکمی جەنەڕاڵ فرانکۆدا بوو، جگەلەمەش لایەنگری بۆ چەپ، نەبووە هۆی رێگری لە رەخنەگرتن لەسۆڤیەت، ئەویش لەئەنجامی ئەو رێگەیەی کەگرتیەبەر، لە راپەڕینی کرێکاری بەرلینی رۆژهەڵات لە ساڵی (1953)، لەهەمانکاتیشدا لە ساڵی (1956) رەخنەی لەهەمانکار گرت.

**تێڕامانەکانی کامۆ لەسەر تیرۆرو تۆقاندن**

لەڕاستیدا خاوەنی (مرۆڤی هەڵهاتوو) بــەردەوام لەناوجەگەری رووداوەکاندا بووەو لەگەڵیاندا ژیاوە. بۆیە بەردەوام لەسەری نوسیون و زۆرجاریش بۆ فەلسەفەی بیری لێوەرگرتن، جگەلەمەش هەمان بیرکاری

لەسەر کارە چیرۆک و رۆمان نوسینەکانی کردووە، کە شەڕو تۆقاندنی پێچەوانە کردۆتەوە، وەک ئەوەی کە جیاوازیان کردبوو لە سەدەی بیستەمدا، ئەمەش زیاتر لەوتارە سیاسیەکانیدا رەنگی دابوویەوە کە ساڵی (2002) بڵاوکرانەتەوە، کە باس لە حاڵەتی ناخۆشی جەزائیر دەکات، پێش روداني شەڕی ئازادی تیشرینی دووەمی (1954)، یان باسی لە بارودۆخی ئەوروپا دەکات لە سەردەمی شەڕی جیهانی دووەمدا، ئەو کاتەی کەلە رۆژنامەی (کوسب) واتە (شەڕ، معرکە) لە ساڵی (1944) تاوەکو (1947) کاری دەکرد، یاخود لەبارەی هەڵوێستی لەسەر تیرۆرو تۆقاندن لەرێگەی شەڕ دروستکردن لەنێوان هاوڵاتیانی جەزائیرو سوپای فەرەنسا، ئەم وتارانەی کە لەسەر تۆقاندن و تیرۆر نوسینی، زیاتر وەک بیرمەند دەرکەوت.

یەکەم وتار کە کامۆ لە رۆژنامەی (کوسبا) نوسی لە بارەی لێدانی هەردوو شاری (هێرۆشیماو ناکازاکی) یابانی بوون، کە لە (1945/8) روویداو تێیدا دەڵێت: (شێوەیەکی زۆر دڕاندانەی لەناوبردنە، کە مرۆڤ بە درێژایی سەدەکان پێگەیشتووە) .

هەروەها بەوە وەسفیکردووە کە (کردارێکی تیرۆرکردنی رێکخراوە) لەدرێژەی وتارەکەیدا دەڵێت: (ئەمە شێوەیەکی نوێ توندوتیژییە).

لەم بارەیەشەوە دەڵێت: (تیرۆرو تۆقاندن هێزێکی تەکنۆلۆژیو زانستیەو شارستانیەتی تەکنۆلۆژی گەیشتووەتە ئەوپەڕی پلەی وەحشیگەریو پێویستە لەسەرمان، لەئایندەیەکی نزیکدا لەنێوان خۆکوشتنی بەکۆمەڵ و بەکارهێنانی زیرەکانە، بۆ دۆزینەوە زانستیەکان، یەکێکیان هەڵبژێرین).

لە ئەنجامی کوژرانی ئەو خەڵکە زۆرەی کە لە رووداوەکانی ناکازاکی و هێرۆشیما کەوتەوە، کامۆ سەدەی بیستەم بەسەدەی ترس ناوبردو دەڵێت:(سەدەی حەڤدە سەدەی بیرکاری بوو، سەدەی هەژدەش سەدەی

زانستی فیزیایی بوو، سەدەی نۆزدەهەش سەدەی زانستی بایلۆجی بوو، بەڵام ئەم سەدەی ئێمە، واتە سەدەی بیستەم سەدەی ترسە).

هەروەها دەڵێت:(شتێک ئێمەی لەناوبردووە، بەهۆی رووداوەکانی ساڵانی رابردوو کە تێیدا ژیاوین، ئەو شتەش متمانەی ئەبەدیە لەمرۆڤدا، کەبەردەوام پێتوایە دەتوانی لە مرۆڤی تردا بەدەست بهێنرێت، لەسەر پەرچەکرداری مرۆیی، کاتێک کە بەزمانی مرۆیی لەگەڵ دەدوێین، زۆریان لە درۆو رقو کوشتنو ئەشکەنجە بینی، هەموو جارێکیش زەحمەت بوو قەناعەتی پێبکەین دەست لەوە هەڵگرێ، لەبەرئەوەی متمانەیان بەخۆیان هەبوو، جگەلەمەش زەحمەتە کاتێکی پەتی قەناعەتی پێبکەین، واتە ئەوەی نوێنەری ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراوە).

هەروەها بەرپرسیاریەتی ئیرهابی نوێ ئەخاتە ئەستۆی ئایدۆلۆژیای نوێکانەوە، کە هەوڵی توندوتیژیدەدەن و لەمبارەیەوە دەنوسێت (ئێمە لەچەقی توندوتیژیدا دەژین. بۆیە قەناعەتپێکردن لەوانە نییە ببێتە شتێکی دروست، چونکە مرۆڤ خۆی بەتەواوی تەسلیمی مێژوو کردووە. بۆیە ناتوانێ ئاوڕ لەو بەشە نوێیەی بداتەوە کە بەشی راستەقینەیە، کە ئەمەش لەبەردەم جوانی ژیان و روخسارەکاندا دەستی دەکەوێتەوە هەر مێژووە، ئێمە لە جیهانی پەتی دەژین، جیهانی نوسینگەو ئامێرەکان بیروباوەڕی پڕوپوچ لە نەزەرێیەتی، ئێمەش لەنێوان ئەو مرۆڤانەی بڕوایان بەوەیە کە لەسەر حەقن دەخنکێین، ئیتر ئەوە پەیوەندی بە ئامێرو بیرەکانیانەوە هەیە، بۆئەوەی لەم توندوتیژی و تۆقینە رزگارمان بێت، لە سەرمانە بیربکەینەوە، یان بەپێی بیرمان بجوڵێین، لەگەڵ ئەوەی تیرۆر رێگە بەبیرکردنەوە نادات).

دوابەدوای ئەوەی سوپای فەرەنسا لە جەزائیر لەساڵی (1945) هەزارەها خەڵکیان لەراپەڕینی شاری (ستیف) کوشت، ئەلبێر کامۆ دەنگی

سەرلەنوێ بەرزکردەوە لەبەرامبەر ئەم قەسابخانەیەداو لەرۆژنامەی (کوسبا) دا وتارێکی نووسینی بەناوی (تەنها دادپـەروەری دەتوانێ جەزائیر لە رق وکینە رزگاربکات)،تییدا دەڵێت: (ژمارەیەکی زۆر بێتاوان کوژراون و وەک ئەم تاوانەش بەهەر شێوازێک بێت ناکرێت قبوڵ بکرێت، لەگەڵ ئەوەی من دەمەوێت بەدادپەروەری وەڵامی بدەمەوە، بۆئەوەی لە ئایندەدا لێی دورکەونەوە).

بێگومان مەسەلەی ئیرهاب لە دەقەکانی کامۆدا ئامادەیە، بە تایبەتی لە دوای ئەو بابەتانەی کە لەدوای جەنگی جیهانی دووەمدا نوسراون، وەک شانۆگەری (بارودۆخی گەمارۆ 1948-) عادلەکان (1949)و چیرۆکی (تاعون)، هەروەها لەکارە فەلسەفییە بەناو بانگەکەیدا (الانسان وتمرد)

لە هەموو ئەمانەشدا جەخت لەسەر ئەوەکراوەتەوە، کە توندوتیژی بەتوندوتیژی وەڵام نادرێتەوە، چونکە بەم کارە جگەلە ئیرهاب، هیچی تری لێناکەوێتەوە، بەڵام رەتکردنەوەی رژێمێکی نا دادپـەروەو بەرزکردنەوەی کەرامەتی مرۆڤ، هەوڵدانە بۆ ئازادی.

هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە هەر کەسێک بکوژرێت بە بیانووی دژایەتیکردنی تاوان، لەوانەیە لەئاکامدا بگۆڕێت بۆ دیکتاتۆر، ئەمەش زیاتر لەشانۆگەری عادلەکاندا دیارەو وێنەی کۆمەڵێک لەشۆڕشگێرە رادیکاڵەکانی روس دەکەن، کە پلانێکی کرداریی تیرۆر لەدژی قەیسەر دادەڕێژن، یەکێک لە کەسایەتییە شۆڕشگێڕەکان کەناوی (کالیاییف) دەڵێت: (رازیبووم کە بکوژم، بۆئەوەی زوڵمو دیکتاتۆری نەهێڵم، بەڵام لەپاڵ ئەمەشدا دەڵێم دەترسم دیکتاتۆریکی تر لە ئایندەدا بنیادبنێم، ئەگەر ئەمەش روویدا ئەوا من بکوژم، لەگەڵ ئەوەی دەمەوێت ببمە خۆشەویستی دادپەروەری، کاتێک ستیڤان هێرشی بۆ دەبات، کە یەکێکە لەکارەکتەرەکانی شانۆگەریەکەیە دەڵێت: (ئیرهاب

شەرعیە) کالیاییف وەڵامی داتەوەو نەخێر، مردنم هەڵبژارد بۆ ئەوەی کوشتنی مرۆڤ سەرنەکەوێت، هەڵم بژارد بۆ ئەوەی بەری وبێتاوان بم).

کاتێک شەڕی ئازادکردنی جەزائیر روودەدات لەساڵی (1954)، سەرلەنوێ کامۆ دەستی دایەوە باسی ئیرهابو لەهەندێ لەوتارەکانیدا باس لەکرداری ئازاردانی وەحشیانە دەکات، کە جەنەراڵە فەرەنسیەکان لەدژی خەڵکی کردویانەو لەو کاتەدا نوسیویەتی (کرداری تۆڵەسەندنەوە لە دژی خەڵکی و کاری ئازاردان، تاوانێکە جگەلە ئیدانەکردن هیچ شتێکی ترمان پێناکرێت، ئەگەر ئەم جۆرە شتانە لەنێوانماندا رووبدات، نابێت ئەمەش ببێتە کارێکی پیشەیی و دەبێت لەئایندەدا رووبەڕووی ببینەوە، لە چاوەڕوانی ئەمەشدا لەسەرمانە هەموو ئەو پیلانانە پوچەڵ بکەینەوە، کە لەسەر ئەم رێگەیەن و ئەو کاتانەش کە ئێمە سەرقاڵی ئەمەین، هەموو یاساو بەهاکان لەسێدارە دەدرێن).

جگەلەمەش کامۆ لەوە بێدەنگ نەبوو، کەخەڵکی جەزائیر لەدژی هاوڵاتییە فەرەنسیەکانیان دەکرد لەسەردەمی (شەڕی جەزائیری پایتەخت)، ئەو کاتەی کۆمەڵێک لەبەرەی ئازادی جەزائیری هێرشیان دەکردە سەر نادی و چایخانەو کۆگا بازرگانییەکان کە فەرەنسیەکانی لێبوو، بەبۆمبو رەشاش، لەسەر ئەمەش نوسیویەتی (دادپەوەری هەرچۆنێک بێت، ئەو دۆزەی پارێزگاری لێدەکەین، دەبێتەهۆی حەیاچۆن، بەهۆی ئەو رەشەکوژیەی کە کۆمەڵێک کوێر دەیکەنە سەرخەڵکی بێتاوان، لەکاتێکدا بکوژ پێشتر دەزانێت کۆمەڵێک منداڵاو ژن دەکوژێت).

هەروەها ئەوەی رەتکردەوە کە تیرۆرو توندوتیژی، بە تیرۆرو توندوتیژی وەڵامنادرێتەوە، چونکە جەزائیری بۆ خەڵکەکەی کردە دۆزەخ، هەروەها داوای لەرۆشنبیران کرد بەهەر شێوازێک بێت پاساو بۆ تیرۆرو تۆقاندن و توندوتیژی نەهێنەوە، چونکە ئەمجۆرە کارانە لەکۆتاییدا جگەلە سەربڕین و رەشە کوژی لە

دژی خەڵکی، هیچ تر بەرهەم ناهێنێت، جگەلەمەش هێڵی جیاوازی لە نێوان بکوژو کوژراو تاوانبارو بێتاواندا ناهێڵێت.

**سەرچاوە:**

الشروق اون لایت «Terrorism When Comus"

# پانۆڕامانی ژیانی کامۆ

ئامادەکردن: دڵنیا ڕەحیم زادە

«ئەلبێر کامۆ» نوسەری بە توانا و فەیلسوفی بە ناوبانگی فەرەنسی کە هەروەک «ژان پۆل سارتەر»، لە رووناکبیرانی مەکتەبی «ئێگزیستانسیالیزم» دێتە ئەژمار.

ئەو لەساڵی (1957)و لە تەمەنی (44) ساڵیدا، بوو بە براوەی خەڵاتی ئاشتی نۆبێلی ئەدەبی. کامۆ پاش «رودیارد کیپلینگ»، گەنجترین کە توانی ئەم خەڵاتە بەرێتەوە. «ئەلبێر کامۆ» لە حەوتی نوڤەمبەری ساڵی 1913، لە «موندووی» جەزائیرو لە خێزانێکی فەرەنسی_ئەلجەزائیری چاوی بە ژیان هەڵهێنا. دایکی بە رەچەڵەک ئیسپانیایی و باوکی «لوسین» لە شەڕی «مارن» کە لە ساڵی (1914)و لە میانەی جەنگی جیهانی یەکەم روویدا، کوژراو هەربۆیە سەردەمی منداڵی «کامۆ» لە هەژارو دەست تەنگیدا تێپەڕی.

لە ساڵی (1923) کامۆ چووە قوتابخانەو پاش کۆتایی خوێندنی لەهەمان زانستگای جەزائیر وەرگیرا، ئەو لە پاڵ خوێندن، چالاکی وەرزشی زۆری ئەنجام دەداو گوڵچی تیپی کۆلێژەکەیان بوو، بەڵام توشبوونی بە نەخۆشی سیل لە ساڵی (1930)، بەناچار چالاکی وەرزشی و فوتباڵی «کامۆ» کۆتایی هات. ئەو کە توانایی ئابوری باشی نەبوو، بە ناچار وانەکانی بەشێوەی نیوە کات لە زانستگا هەڵبژاردو سێ رۆژ لە هەفتەدا ئیشی دەکرد تا بژێوی ژیانی دابین بکات، لە مامۆستای تایبەتییەوە بگرە تا کار لە دامەزراوەی ئەستێرە ناسی.

ئەو لە ساڵی (1935)، توانی بڕوانامەی بەکالۆریاس لەبواری فەلسەفە

وەربگرێت و لە مانگی مەیساڵی (1936)، داکۆکی لە ماستەرنامەی خۆی دەربارەی «پلۆتینۆس» کە ڕێڕەوی ڕێبازی ئەفلاتونییە نوێکان بووە کرد.

کامۆ لە هەمان سەردەمی خوێندکاریدا بوو، بە ئەندامی حزبی کۆمۆنیستی و هۆی سەرەکی ئەوەشی بە دڕکی دۆخی سیاسی ئیسپانیا دەزانی، کە سەرەنجام گەیشتە شەڕی ناوخۆیی ئیسپانیا.

لە ساڵی (1926)، حزبی کۆمۆنیستی سەربەخۆی جەزائیر (PCA) دامەزراو لە وەها دۆخێکدا، کامۆ هاوکاری سیاسی لەگەڵ حزبی گەلی جەزائیر (Le Parti du Peuple Algerien) دەستپێکرد. ئەمە مەسەلەیە کێشەی زۆری لە نێوان ئەو و ڕێبەرانی حزبی کۆمۆنیست پێکهێنا.

هەر بەم هۆیە، "کامۆ" بەشێوەی فەرمی، "ترۆتسکی" خاوەنی بیرۆکەی کۆمۆنیستی و پشتیوانانی شۆڕشی سەرانسەری جیهانی ناونرا. کە بە مانای نەفی ئەو لە کۆمۆنیزمی ستالینیستی بوو. ئەو لە ساڵی 1934 لەگەڵ "سیمون های" کە بە مۆرفین موعتاد بوو، ژیانی هاوسەری پێکەوە ناو ژیانی هاوبەشیشیان بەهۆی خیانەتی "سیۆن" لە "ئەلبێر" لێکترازا و گەیشتە جیایی.

کامۆ لە ساڵی (1935)، ناوەندی "شانۆی دەرهێنەری" دامەزراند، کە تا ساڵی (1935) بەردەوامبوو. ئەو لە میانەی ساڵەکانی (1937 تا 1939)، لە ڕۆژنامەی سۆسیالیستی "ئالجێر ریپابلیک" کاریکرد و بە نوسینی بابەت دەربارەی خەڵکانی عەرەب، کە لە جەزائیر بەسەختی دەژیان، کارەکەی خۆی لە دەستداو بەهۆی تووشبوونی بە نەخۆشی سیل، نەیتوانی پەیوەندی بە سوپای فەرەنسا بکات.

کامۆ لە ساڵی (1940) لەگەڵ "فرانسیس فار" زەماوەندی کرد و لە گۆڤاری فەرانسەوی "پاریس__سور" دەستی بە کار کرد. ئەو بە دەستپێکی

قۆناغی یەکەمی جەنگی جیهانی دووەم کە بە "جەنگی تەلەیفوونی" ناودێر کرا، کامۆ هەڵوێستی ئاشتیخوازانەی هەبوو، بەڵام بە بینینی ڕێوڕەسمی لە سێدارەدانی "گابرییێل پری" لە پاریس، رایگەیاند کە ئەم ڕووداوە، رقی ئەوی بەرامبەر بە ئەڵمانییەکانی زیادکردووە.

ئەو پاش ئەم ڕووداوە چوو بۆ "بوردۆ"، لە هەمان ساڵدا نوسینی یەکەمین بەرهەمە ئەدەبییەکانی خۆی واتە "نامۆ"و "ئەفسانەی سیسی فوسی" تەواو کرد.

ئەو لەساڵی (1942) گەڕایەوە بۆ جەزائیرو لە میانەی جەنگی جیهانی دووەم، بە ڕێکخستنەکانی بەرەنگاری فەرەنسا بەناو "کومباٹ" پەیوەست بوو، بڵاوکراوەیەکی نهێنی هەر بەم ناوە بڵاودەکردەوە.

ئامانجی سەرەکی ئەم گروپە، چالاکی دژی حزبی نازی بوو. کامۆ لە ساڵی (1943) بوو بە سەرنوسەری بڵاوکراوەی ڕێکخراوی بەرەنگاری و بە ئازاد بوونی پاریس بە دەستی ڕێکەوتەکان، لەسەر بەردەوامی خەباتی چاپەمەنییەکەی پێداگری کرد و کاتێک کە ڕۆژنامەی "کومباٹ" بوو بەبڵاوکراوەیەک بە ئامانجی ئابوری، دەستی لە کارەکەی (سەرنوسەری) کێشایەوە.

پاش جەنگ کامۆ بە سەفەر چوو بۆ ئەمەریکا، کۆمەڵێک وتاربێژی دەربارەی ئێگزیستانسیالیزمی فەرەنسی ئەنجامدا. ئەو کە خاوەنی بۆچوونی سیاسی چەپ بوو، لەگەڵ ڕەخنەی توند لە سیاسەتەکانی کۆمۆنیزم، دوژمنی ئەوانی بەدژی خۆی هەڵخراند، لە ساڵی (1949)نەخۆشییەکەی ئەو قورستر بووەو بۆ ماوەی دوو ساڵا لە تەنیاییدا ژیا.

لە ساڵی (1951) وتاری "ڕاپەڕیو"ی بڵاوکردەوە، کە لێکدانەوەیەکی فەلسەفی دەربارەی ڕاپەڕین و شۆڕشە. ئەو کە لە دەیەی (50)دا ژیانی

خۆی بۆ کار مرۆڤدۆستانە تەرخانکردبوو، لەساڵی (1952) دەستی لە چالاکی لەرێکخراوی یۆنیسکۆ هەڵگرت، لە ساڵی (1953) لە زوومرەی ئەو تاقمە سیاسەتمەدارە چەپەی جیهان بوو، کە رەخنەی لە سیاسەتی یەکێتی سۆفییەت لە هەڵسوکەوت لەگەڵ کۆبوونەوە کرێکارییەکان گرت.

"کامۆ" لە 4 ژانوییەی (1960) لە رووداوێکی هاتووچۆدا گیانی لە دەست دا. ئۆتۆمبێلەکەی ئەوان لە (24کم) شاری "سانس" و لە شاڕێی (RN 5 )لە قەراغ گوندێک بە ناوی "پتیویل" نزیک "مۆنتەرۆ" وەرگەڕا. ئەلبێر کامۆ لە دواوەی ئۆتۆمبێلەکەوە دانیشتبوو و لەم سەفەرەدا وێڕای خێزانی هاوڕێکەی "میشێل گالیمار" خاوەنی ناوەندی چاپەمەنی "گالیمار" دەگەڕایەوە بۆ پاریس. کامۆ لەم رووداوەدا هەر لەوێ گیانی لە دەستدا. ئەو پێش ئەم رووداوە لە شوێنێکدا وتبووی:

"مەرگ بە هۆی رووداوی ئۆتۆمبێلەوە، گاڵتە جاڕانەترین و بێماناترین جۆری مەرگە."

**سەرچاوەکان:**


1. ماڵپەڕی ویکیپیدیا (لاپەڕەی تایبەت، بە کامۆ)
2. ماڵپەڕی سیب گازیدە (لاپەڕەی تایبەت، بە کامۆ)
3. http://www.arooz.com

# له بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | سا ڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵلا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێک نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن  شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو روداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |